# سازان و گەیاندنی ئەم ئەزموونەمان بە کەناری ئارامیی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ئەخلاق و سیاسەت لە زۆر خاڵدا یەکدەگرنەوە، کە ئامانجی هەریەکەیان ئەوەیە کە دیدێکی پێشوەختە بدەنە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی مانایەك و ئامانجێك ببەخشێتە ژیانیان، بەڵام بەداخەوە زۆرجاریش لە چۆنیەتی ئەم ماناو ئامانج بەخشینەدا جودا دەبنەوە.

کەواتە پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

ئایا کەسایەتییە خاوەن ئامانجە سیاسیەکان پشت بە چ پێوەرێکی ئەخلاقی دەبەستن، لە پەیڕەوکردنی جۆری خەبات و تێکۆشانیاندا؟

یان بەدیوێکی دیکەشدا بۆمان هەیە بپرسین: ئایا سیاسەتمەدارە خاوەن ئامانجە سیاسییەکان پشت بە کامیان دەبەستن؟ بە ناوەڕۆك و مەبەستی ئامانجەکانیان؟ یان بە جۆرو شێوازی هۆکارەکانیان؟

چونکە لە یەکێك لە خاڵەکاندا، ئەوەی (میکیاڤیلی ) لە (کانت) جودا دەکاتەوە، بریتییە لە مەسەلەی هۆکار، لەبەر ئەوەی هەرکاتێك ئامانج پاساوی بۆ هۆکار هێنایەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج، ئەوساش هەموو هۆکارێك بە ڕەوا بزانرێت، ئیدی ئەوسا لە(میکیاڤیلی ) نزیك دەبێتەوە، هەرکاتێکیش لە ئامانجی ڕوانی بەو شێوەیەی کە هۆکارەکانی خەباتی، خاوەن بەهایەکی ئەخلاقی بنو، بە هۆکاری پاك و ڕەوا بۆ ئامانجی پاك و ڕوون هەوڵ بدات، ئەوسا لە (کانت)و ئەوانی وەك ئەو نزیك دەبێتەوە.

بۆیە ئەخلاقی سیاسیی ڕاست داوامان لێدەکات کە لە ئەمڕۆی ئەم هەرێمە ئارامەی ئێمەو، لەم دەوروبەرە پڕکێشەیەی دەرودراوسێمان، گەمەی سیاسەت بکەینە پێشبڕکێ نەك ململانێ، ئاشتی بکەینە هەمیشەیی نەك کاتیی، کێشەکانمان بابەتیی بن نەك کەسیی، ئاخاوتنمان بە زمانی ڕێز بێت نەك زبر، جیاواز بین، بەڵام دژ نەبین.

گرنگە سیاسییەکان لەهەموو کەس زیاتر ئاگاداری بیرکردنەوەیان بن، چونکە بیرکردنەوەکانیان دەبنە گوفتاری نێو میدیاو، گوفتارەکانی نێو میدیاشیان دەبنە ڕەفتاری سەر شەقام.

سیاسەتمەدارەکانی دوێنێ دەبێت ئەمڕۆ ئەو ڕاستییە وەبیرخۆیان بێننەوە کە لە سیاسەتدا سەرکەوتنی ڕەها نییەو، دۆڕاندنی ڕەهاش نییە، بەڵکو سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە بەرقەراربوونی ئاشتیدایەو، دانوستانیش لاوازیی نییەو، ڕەتکردنەوەی دانوستانیش ئازایەتیی نییە، سیاسەتیش بەدروشمی: یان هەموو شتێك یان هیچ، سیاسەتێکی واقیعی نییەو، پەنابردنە بەر



زۆرینەش هەموو کات چارەسەر نییە.
نواندنی هەڵوێستی ڕەق و توند ئازایەتیی نییەو، سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی تەسکیش ئاکاری کوردەوارییانە نییە، چونکــە ئەمڕۆ ڕۆژی نواندنی حیکمەتە لەبیرو کرداردا، ڕۆژی سیاسەتی دەرگای کراوەیە بەڕووی یەکدیدا، ڕۆژی دۆزینەوەی ڕێگای پەسەندکراوە لەنێوان ڕێگاکاندا
لەوانەیە نەیارانی کوردســـتان و ئەزموونەکەی، بیانەوێت شەڕی خۆیان لەسەر خاکی ئێمەو بەکەسانی ئێمە بکەن، بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە شەڕی فیلەکان لەنێو باخچەی ئێمەدا هەر چیمەنی ئێمە دەپلیشێنێتەوە.
سیاســـەتی ڕاســـت بریتییە لەڕێپێدان بـــە تەواوکردنی بەرنامەکان نەك ڕێگەلێگرتنیان، چونکە وەك دەڵێن: هیچ کاتێك لەبەرژەوەندیی موسافیرەکاندا نییە، لەنیوەی ڕێگەو لەنێوەڕاستی دەریاکەدا شەڕ لەگەڵ کەشتییەوانەکەیاندا بکەن، چونکە نازانرێت کەشـــتیی بە بێ کەشتییەوانی ڕەسەن بەرەو چ ئاڕاستەیەك دەڕفێنرێت.
جـــا لەپێنـــاوی پاراســـتنی ئاشـــتی کۆمەڵایەتیی و سەقامگیریی سیاســـیدا، با ئاگاداری گوتاری سیاســـیمان بین و، بە ئاڕاســـتەی هێمنی دەروونیی و ئارامیی نێوخۆیـــی کاربکەین لە ڕێگەی پاراســـتنی پێگەی مەرجیعییەتی باڵای سیاسیی و، پشت بەستن بە پســـپۆڕان و ڕاوێژپێکردنیان و، پاراســـتنی ئاسایشی گشتیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی و یەکبوونی نیشتمانیی و، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و، بەرجەستەکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان و، دووربوون لە گوتـــاری ئاژاوەگێڕیی و ئەزموونـــی هاوردەکراوو کۆپیکراوی شـــوێنانی دی و، نزیـــك بوون لە گوتاری کەلتوری دەوڵەتداریی و ژیاندۆستیی و خەمەکانی خەڵك و شەقامەکانی نیشتمان و لەوەڵامدانەوەی خواستەکانی هاووڵاتیان و، خۆپاراســـتن لە دوو ڕوویی سیاســـیی و، لەپەیڕەوکردنـــی ســـتراتیژییەتی دوودڵیـــی و ڕاڕایی سیاسیی..
بۆیە ئەمڕۆ پێویســـتیمان بە سیاسەتی نەفەسی درێژو سازان هەیە بۆ گەیاندنی ئەم ئەزموونەمان بە کەناری ئارامیی.



# مێزگردی هاوبەشی گۆڤاری گوڵان و ئینیستوتی توێژینەوەی نیشتمانی



هەرێمی کوردستان لەسەر لێواری تەنگژەیەکی سیاسی و دەستووریدایە


# تەنها راپرسی کێشەی سیستەمی سیاسی یەکلایی دەکاتەوە نەک حزبە سیاسییەکان




**پێدەچێت حزبە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاریان دابێت لە سەر پرسی سیستمی سیاسی لە کوردستان نەگەنە ڕێککەوتن، ئەم حاڵەتە بارودۆخێکی مەترسیداری ئەوتۆی دروستکردووە کە دەرگای بە ڕووی هەموو ئەگەرەکاندا کردۆتەوە، حاڵی حازر رای گشتیی کوردستانی بە سەر دوو بەرەدا دابەش کردووە، کە ئەم دابەشبوونە مەترسی گەورەتری لێدەخوێندرێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان بە هاوبەشی لەگەڵ ئینیستوتی توێژینەوەی نیشتمانی، کۆمەڵێك یاساناس و مامۆستای زانکۆی لە دەوری مێزێك بۆ موناقەشەکردن کۆکردەوە، کە لەم بەڕێزانە پێکهاتوون.**




**● د. شیرزاد نەجار**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای یاسای دەستووری و زانستە سیاسییەکان




**● د.نەژدەت ئاکرەیی**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پسپۆڕ لە یاسا و ئاسایشی نیشتمانی



**● د.عەبدولمەلیک یونس**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پسپۆڕ لە یاسای گشتی




**● د.محێدین حەسەن**
پسپۆڕ لە یاسای دەستووری




**● د.تاڤگە بوستانی**
پسپۆڕ لە یاسای تاوانکاری




**● د.محەمەد عەبدوڵڵا**
پسپۆڕ لە مێژووی سیاسی




**● د.چەواس حەسەن**
پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی



**● سەرتیپ خالیس**
پسپۆڕ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان - ماستەر لە زانکۆی ڕۆدن/ مۆسکۆ



**● هێمن غەنی** ماستەر لە یاسای دەستووری - زانکۆی بیرۆت



**● فەرهاد محەمەد**
سەرنووسەری گوڵان

**■ یەکلایی کردنەوەی سیستەم**
**بە دەستوور دەکرێت، نەك یاسای ئاسایی**

د.شـیرزاد نەجارِ لە دەسـتپێکی مێژگردەکە جەختی لەسـەر ئەوە کردەوە، ئێسـتا هەرێمی کوردسـتان لە سـەر لێواری تەنگژەیەکی سیاسـی و دەستووریدایە، بنەمای ئەم تەنگژەیەش لە سـەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان رەنگی داوەتەوە، ئەم کێشەیە بۆتە قەیرانێکـی قورس و چەندیـن رەهەندی جۆراوجۆری لەخۆی گرتووە، بە تەنیا رەهەندێکی سیاسـی نییە، رەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سـایکۆلۆژی لە خۆی گرتووە و لە سەرووی هەمموو ئەمانەشەوە پرسەکە تایبەت کراوە بە کەسێکەوە، واتە (شەخسەنە) کراوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی فقهی دەستووری، دیارە پرسی سەرۆکایەتی وڵات، یان پرسی سەرۆکایەتی ویلایەت، یان هەرێم پرسێکی زۆر هەسـتیار و گرنگە، بۆیە گرنگە بزانرێت هەڵبژاردنی سـەرۆك چۆن دەبێت، کێ مافی ئەوەی هەیە خۆی کاندید بکات، بە چ پرۆسێسـێك ئەم پرسـە یەکلایی دەکرێتەوە. پرسـیار ئەوەیە: ئایا ئەم پرسـە گرنگە بە یاسایەکی ئاسایی یەکلایی دەکرێتەوە، یان پێویستە لە دەسـتووردا ئەم پرسە رێکبخرێت و یەکلایی بکرێتەوە؟ ئەزموونـی وڵاتانـی جیهان بەو جـۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، لەبەر ئەوەی پرسەکە زۆر هەستیارە، هەمووکات ئەم پرسە لە دەستووردا یەکلایی کراوەتەوە، نەك بە یاسـایەکی ئاسـایی، هەر بۆیـە یەکێك لەو ئیشـکالیەتانەی بۆ فقهی دەسـتووری لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان درووست بووە، ئەوەیە ئەم پرسـە لە پەرلەمانی کوردسـتان بە یاسـایەکی ئاسایی رێکخراوە، نەك بە یاسای دامەزراندن ( القانون التاسیسی)، واتە بە دەستوور رێکنەخراوە.

لێرەدا گرنگـە ئاماژە بە نموونـەی چەندین دەوڵەت بکەین، کە چۆن ئەم پرسـەیان بە دەسـتوور چارەسەر کردووە، لەوانە:

١. دەسـتووری ئەمریکا لە سـاڵی ١٧٨٧ پرسـی سـەرۆکی بە ٤ سـاڵ یەکلایی کردۆتەوە و دەتوانێت خولێکـی دیکەش خۆی بپاڵێوێتەوە، بەڵام گرنگە ئەوە راستییەشـمان لەبەر چاو بێت، کە هەتا هەموارکردنی ٢٢ی دەستووری ئەمریکا، خۆهەڵبژاردنەوەی سەرۆکی ئەمریـکا رەها بووە و مەرجی لەسـەر نەبووە، هەر بۆ نموونە رۆزفەڵت لە سـاڵی ١٩٣٢ تا ١٩٤٥ چوار جار خۆی هەڵبژاردەوە.

٢. دەستووری فەرەنسی لە ماددەی ٨، لە ساڵی ١٩٥٨ ماوەی ویلایەتی سەرۆکی بە پێنج ساڵ دیاریکردووە، جەختی لەسـەر ئەوە کردۆتەوە، ئەم پرسـە بە یاسای تەئسیسـی کە سیفەتی دەسـتووری هەیە، جێبەجێ دەکرێت، نەك بە یاسایەکی ئاسایی.

٣. یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٩ ویلایەتی سـەرۆکی بە پێنج سـاڵ دیاری کردووە، یەکجاریش دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە.

٤. دەستووری کۆماری چینی میللی لە ماددەی ٧٩ ی سـاڵی ١٩٨٢، ماوەی سـەرۆکی بۆ ماوەی پێنج ساڵ و دوو ویلایەت یەکلایی کردۆتەوە.

٥. دەسـتووری کۆماری رووسیای فیدراڵی لە ساڵی ١٩٩٣ لە ماددەی ٨٠ و ٨١ ویلایەتی سـەرۆکی بە چوار ساڵ بۆ دوو ویلایەت یەکلایی کردۆتەوە.

٦. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ٦٨ و ٧٢ لە سەر پرسی سەرۆکایەتی کۆماری بۆ چوار ساڵ و تا دوو خول یەکلایی کردۆتەوە.

٧. لەسەر سەرۆکی ویلایەتەکان، لە دەستووری ١٩٤٦ی ویلایەتی باڤاریا لە میونیخ لە ماددەی ٤٣ سـەرۆکی ویلایەتەکە دەداتە سـەرۆکی حکومەت و دەسـەڵاتی باڵایە و سەرۆکی ویلایەتیان نییە.

بۆیە لێرە پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا لەم تەنگژەیەدا پێویستە چۆن هەنگاو هەڵبگرین؟ وەڵامی ئەو پرسـیارە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات و پێمان دەڵێت، ئێستا پێویسـتمان بەوەیە یاساکان پۆڵین بکەین، لەبەر ئەوەی هەڵەیەکی زۆر گەورە لە یاسـادانان کراوە، ئەو هەڵەیەش ئەوەیە کە پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە یاسایەکی ئاسایی چارەسەرکراوە، لە کاتێکدا دەبوو بە یاسایەکی تەئسیسی رێکبخرایە.

ئەگەر سـەرنج بدەین هەتا هەمواری ٢٢ی دەستووری ئەمریـکا هیچ مەرجێك بۆ هەڵبژاردنەوەی سـەرۆك نەبووە، ئەمـەش لەبەر ئەوە بووە لـە کاتی قەیران و تەنگژە بتوانن سـەرۆك هەڵبژێرنەوە، ئێمەش ئێسـتا لە هەرێمی کوردسـتان بە بارودۆخێکی هەسـتیار و قەیراناویدا تێدەپەڕین، هەتا ئێسـتا چەندین کێشە هەن چارەسەر نەکراون. کێشەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێـراق و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە لە رووی یاسـایی و دەسـتوورییەوە یەکلانەبوونەتـەوە، بۆیە گرنگە ئەم بارودۆخە لەبـەر چاو بگیرێت، دەکرێـت هەر کاتێك بارودۆخەکـە سـەقامگیر بوو، ئەو پرسـەش دیاری بکرێت. ئەم واقیعە پێمان دەڵێت، پرسـی رێکخستنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان دەبوو بە یاسایەکی تەئسیسی کە هێزی دەستووری هەیە رێکبخرایە، نەك

**پرسی ڕێکخستنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبوو بە یاسایەکی تەئسیسی کە هێزی دەستووری هەیە، ڕێکبخرایە، نەک بە یاسایەکی ئاسایی**

**پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێوەندی بە چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات هەیە و پیادەکردنی دەسەڵاتیش گەوهەری دەستوورە. دەستوور بۆ ئەوە دادەنرێت، دەسەڵات لە وڵاتێک، یان هەرێمێک ڕێکبخرێت**

بە یاسایەکی ئاسایی، پاشان ئەم یاسایە بە زۆرینەی ٤/٣، یان ٣/٢، پەسەند بکرایە، لە کاتێکدا ئەمە نەکراوە، هەست دەکرێت ئەمە ئاکامی کەموکورتییەکی تەشریعییە، ئەم کەموکورتییە کاریگەری کردۆتە سەر چۆنیەتی ڕێکخستنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی ئیشەکان و دەرچوونی یاساکان، ئەمانەش هەموویان کاریگەری هەبووە لە سەر سیستمی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا. دوایین هەڵەی تەشریعی کە کراوە، بریتیە لە دوایین هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ٣٠ی حوزەیران ٢٠١٣، کە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە (بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژ دەکرێتەوە و بۆ دوایین جاریشە)، بەڵام ئێمە لە زانستی سیاسەت ئەوە فێرکراوین وەك پرۆفیسۆر شنایدەر ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: (نابێت سیاسەتمەداران خۆیان بخەنە بەردەم ڕێگەیەکی داخراو)، هەر بۆیە کاتێك گەیشتنە ئەو ڕێگە داخراوە، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بین، شتی زۆر نەخوازراویش روو بدات، لەوانەیە کارەساتیش ڕووبدات. بۆیە لەم خاڵەوە پرسیار ئەوەیە: ئایا ڕێکخستنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە یاسایەکی ئاسایی دەبێت، یان پێویستە بە یاسایەکی تەئسیسی کە هێزی دەستووری هەیە، ڕێکبخرێت؟ لەوانەیە پرسیاری دیکە ئەوە بێت: بۆچی دەبێت بە یاسای تەئسیسی ئەم پرسە ڕێکبخرێت؟ لەبەر ئەوەیە کە پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێوەندی بە چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات هەیە و پیادەکردنی دەسەڵاتیش گەوهەری دەستوورە. دەستوور بۆ ئەوە دادەنرێت، دەسەڵات لە وڵاتێك، یان هەرێمێك ڕێکبخرێت. ئەمە پێمان دەڵێت: ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی هەڵە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانمان چارەسەر کردووە.

ئەم پرسە لەم مێزگردە بە ڕاشکاوی دەخەینەڕوو، هەروەها دەمانەوێت بزانین ئایا دەروازەی درووست بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە چییە؟

## ■ ئەگەر ڕێکنەکەوتن

## دەکرێت دەستووری ٢٠٠٩ بخرێتە ڕاپرسییەوە

د.تاڤگە بوستانی سەبارەت بەو قەیرانەی ئێستا ڕووبەڕووی هەرێم بۆتەوە، ئاماژەی بەوە کرد، بابەتی سەرۆکایەتی هەرێم زۆر گرنگە و گەلێك کێشەی یاسایی و سیاسی لەسەر دروست بووە. بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین؟ دیارە لە ساڵی ٢٠٠٥ کە ئەو کات فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی بەشی زۆری کورسییەکانی پەرلەمانیان هەبوو، لە چوارچێوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئەو کات ڕەخنەی ئەوە هەبوو کە دەبێت سەرۆك ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێت، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩ هەڵبژاردن کرا و سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا. سەرۆك مسعود بارزانی ٧٠٪ ی دەنگەکانی هێنا، وەك لە هەمواری یاسای سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٩ هاتووە، سەرۆك مافی خۆیەتی بۆ دوو خول سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ ماوەی دوو ساڵ ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم درێژکرایەوە، دیارە بەر لە دوومانگ پێش ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم کۆتایی بێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجامبدرێت، بەڵام کۆمسیۆن لە وەڵامدا ئاماژەی بەوە دا کە ناتوانێت لەو ماوەیەدا هەڵبژاردن بکات. بۆیە ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی ئەوەی کردینەوە کە لایەنە سیاسییەکان ئەم پرسە بە سازان چارەسەر بکەن، بەڵام وادیارە پرسەکە ئاڵۆز بووە و لە بری سازان، کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەیەك داوا دەکات سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەرەیەك داوا دەکات سەرۆك ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، سەبارەت بە ڕای یەکەمیان کە داوای گۆڕینی سیستمەکە دەکات، لە سیستمی پەرلەمانییەوە کە سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێت، بۆ هەمان سیستەم و سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە چوارچێوەی گۆڕینی سیستمی سیاسییەوە، بۆیە وەك د.شێرزاد نەجار ئاماژەی پێکرد گۆڕینی سیستمەکە پێویستە بە ڕاپرسیی گەلی کوردستان بگۆڕدرێت و حزبە سیاسییەکان ناتوانن ئەم کارە بکەن، لە وڵاتانی دیکەش ئەم پرسانە بە ڕاپرسی یەکلایی کراونەتەوە، یاخود ڕێگە چارەی دیکە ئەوەیە پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ کە ئامادەیە و چەند ماددەیەکی نەبێ هیچ ئیشکالیەتێکی لەسەر نییە، دەبێت ئەم دەستوورە بخرێتە ڕاپرسی، لەم دەستوورەشدا پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان یەکلایی کراوەتەوە. یاخود دەبێت ئەو لیژنەیەی ئێستا بۆ نووسینەوەی دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشانکراوە، پەلە بکەن و ئەم پرسە لە دەستووردا یەکلایی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی پرسی یەکلاییکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تەنها کەسێك نییە و ئەم دەستوورە بۆ نەوەکانی

داهاتووشە، بەپێی ئەو واقیعەی ئێستا هەموو لایەکمان دەیبینین، ئەم پرسە بە سازانی نێوان حزبەکان چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی حزبەکانی کوردستان بڕیاریان داوە کە ڕێکنەکەون، لەگەڵ ئەوەی کێشەکانی عێراق و کوردستان هەتا ئێستا بە سازان چارەسەرکراون، بەڵام لە ئێستادا پێناچێت ئەم کێشەیە بە سازان چارەسەر بکرێت. بۆیە تەنیا دەروازە بۆ دەرچوون لەم کێشەیە، ئەوەیە بە زووترین کات ڕاپرسی لە سەر ئەم پرسە بکرێت و دەبێت گەلی کوردستان ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە سیستمی حوکمڕانی لەم وڵاتە چۆن دەبێت.

## ■ کەموکورتیی تەشریعی

### هۆکاری سەرەکیی ئەم قەیرانەی ئێستایە

د.نەژدەت ئاکرەیی ڕاشکاوانە لەسەر خاڵێکی گرنگ هەڵوەستەی کرد کە ئەویش لاوازی، یان کەموکورتی تەشریعە و جەختی لەوە کردەوە کە هۆکاری ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەموکورتییەی لە تەشریعدا هەمان بووە، وتیشی: «من دەخوازم بگەڕێمەوە بۆ بیبلۆگرافیای زەمەنی و چۆنیەتی بەیەکداچوونی چەمکی شەرعییەتی شۆڕشگێری لەگەڵ مەشرووعییەتی یاسایی. دیارە لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە ٢ی دەردەکرد بۆ هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەم یاسایە زیاتر لە سەر بنەمای شەرعییەتی شۆڕشگێری بوو، نەك دامەزراوەیی، ئاشکراشە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناخە بووە، لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بەپێی ئەم یاسایە هەڵبژاردن کرا، بەڵام هیچ کام لە کاندیدەکان نەگەیشتنە ئەو دەنگەی کە پێویست بوو، دوای ئەویش دەسەڵات لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە فیفتی فیفتی دابەشکرا، ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی لە ئایاری ١٩٩٤ پریشکی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و لە مانگی ئابی ١٩٩٤ بیر لە دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ کرا، بۆ ئەمەش لە پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٩)ی ساڵی (١٩٩٤) دەرچوو، بەپێی ئەم یاسایە هەردوو بەڕێزان کاك مسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی لەگەڵ دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی دەبوونە ئەندامی ئەم دەستەیە و بڕیارەکانیش بە کۆدەنگی دەردەچوون. دیارە ئەم دەستەیە بە مردوویی لەدایك بوو، لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەکی زۆر کورت زنجیرەیەك شەڕی ناوخۆیی دەستی پێکرد، پاشان لە دوای ساڵی ١٩٩٦ دووئیدارەیی دروست بوو، لە ئیدارەی هەولێر کە پەرلەمان هەبوو، نیسابی قانوونی لەبەردەست بوو، لە ساڵی ١٩٩٧ بە یاسای ژمارە ١٠، دەسەڵاتەکان لە نێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت دابەش کرا، لە ئیدارەی سلێمانی کە پەرلەمان بوونی نەبوو، مام جەلال بە پێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کوردستان مامەڵەی کرد.

ئەم پرسە لە ساڵی ١٩٩٨ دوای ڕێککەوتنی واشنتۆن لە نێوان پارتی و یەکێتی، نەخشەڕێگەیەك دانرا بۆ چارەسەری ئەم پرسە، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد بە ناوی یاسای ژمارە ١ کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو. ئەم یاسایەش ڕەنگدانەوەی سازان و ڕێککەوتنی نێوان هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، واتە ڕێککەوتن بوو لە سەر چەند سەقفەیەك بۆ چارەسەری کاتیی کێشەکان، ئەمە بە تێڕوانینی من کەموکورتییەکی دیکەی تەشریعییە، لەبەر ئەوەی یاسا پێویستە ڕەهەندێکی دوورمەودای هەبێت و وردبینانە داڕێژرابێت، دوای ئەم یاسایە هەمووارکردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە ٢٠٠٩ کرا، بەپێی ئەم هەمووارکردنە سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت. لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣ش بە هەمووارکردنێکی دیکە بۆ ماوەی دووساڵ سەرۆکایەتی هەرێم درێژکرایەوە. تێیدا هاتووە ئەمە بۆ دوایین جارە کە ماوەی سەرۆکایەتی درێژ بکرێتەوە.

دیارە لەم ماوەیەی ئاماژەمان پێکرد، قۆناخی دوای ساڵی ٢٠٠٩ جیاوازییەکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی لە ٢٠٠٩ باڵێك لە یەکێتی نیشتمانی جیابوونەوەو بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان خستەڕوو و بەشداری هەڵبژاردنیشیان کرد، لێرە ئیشکالییەت دەستی پێکرد، هۆکاری دروستبوونی ئەم ئیشکالییەتەش لەبەر ئەوە بوو، ئەم لێکترازانەی ناو یەکێتی، هاوکات بوو لەگەڵ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ . ئەم دەستوورە دەستوورێکی زۆر ڕێکوپێك بوو لە مادەی ٦٠-٦٨ زۆر بە جوانی سەرۆکایەتی هەرێمی ڕێکخستووە، ئەم دەستوورە کە هیچ شتێکی نەمابوو، تەنها ئەوە نەبێت میللەت ڕاپرسی لەسەر بکات، بەڵام بە هۆی درووستبوونی ئەو ئیشکالییەتەوە دەستوور نەخرایە ڕاپرسی، هەر لەو کاتەوەش لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆ لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە، هەروەها باسی

**لەگەڵ ئەوەی کێشەکانی عێراق و کوردستان بە سازان چارەسەرکراون، بەڵام لە ئێستادا پێناچێت ئەم کێشەیە بە سازان چارەسەر بکرێت. بۆیە تەنیا دەروازە بۆ دەرچوون لەم کێشەیە، ئەوەیە بە زووترین کات ڕاپرسی لە سەر ئەم پرسە بکرێت**

**سیستمی حوکمڕانی پێویستە بە ڕاپرسیی گەلی کوردستان بگۆڕدرێت و حزبە سیاسییەکان ناتوانن ئەم کارە بکەن، لە وڵاتانی دیکەش ئەم پرسانە بە ڕاپرسی یەکلایی کراونەتەوە**

پرسی سیستمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی سەرۆك لەناو خەڵكەوە بوونی نەبوو، بەڵام دوو باڵی ئۆپۆزسیۆن كە یەكێكیان بزووتنەوەی گۆڕان-ە كە بزووتنەوەیەكی عیلمانییە لەگەڵ دوولایەنی ئیسلامی بۆ یەك ئامانج رێككەوتن و كەوتنە باسی سیستمی پەرلەمانی و سەرۆكایەتی و پێیان لەسەر داگرت.

هەنگاوێكی دیكەی خراپ ئەویش دەركردنی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ بوو بۆ ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوورێكی نوێ بۆ هەرێمی كوردستان بۆ راپرسی، ئەم یاسایە بریتییە لە كۆمەڵێك پرسی هاودژ پێكەوە و بەرهەمی رێككەوتنێكی سیاسی بوو، نەیتوانی كێشە سەرەكییەكە چارەسەر بكات كە شێوازی سیستمی حوكمڕانییە لە كوردستاندا. پێدەچێت ئێستا ئەو لیژنەیە كەوتوونەتە ناو تەڵەزگەوە و هەرگیز لەم بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەدا ناتوانن لە سەری بگەنە رێككەوتن، ئێستا خۆیان (ئەندامانی لیژنەكە) دان بەو راستییەدا دەنێن كە چاوەڕێی ئەوەیان نەدەكرد بكەونە ئەو تەڵەزگە قورسەوە، ئێستا ئەم لیژنەیە بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٩ی رەتكردۆتەوە، كەواتە ئێستا پێویستە دەروازە، یان چارەسەرێكی دیكە بدۆزنەوە، بۆیە نازانن چۆن خۆیان لەم تەڵەزگەیە رزگار بكەن، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە كە نوێنەری حزبە سیاسییەكانن، ناتوانن بڕیاربدەن و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ حزبەكانی خۆیان.

**دەبێت تەشریع گشتی و موجەڕەد و پابەند و تەواو بێت، بەڵام كە سەیری یاساكانی خۆمان دەكەین، كەموكورتییەكی گەورەی تەشریعی دەبینین، لەبەر ئەوەی یاساكان رەنگدانەوەی قۆناخە سیاسییەكە بوون**

لەم باكگراوەندە دەتوانین چی بخوێنینەوە؟ بێگومان ئەوەی ئاشكرایە هەست بە كەموكورتییەكی گەورەی تەشریعی دەكەین، هەر لە ١٩٩١- تا ئێستا، خاڵی سەرەكیی ئەو كەموكورتییەش ئەوەیە دەبێت تەشریع گشتی و موجەڕەد و پابەند و تەواو بێت، بەڵام كە سەیری یاساكانی خۆمان دەكەین، كەموكورتییەكی گەورەی تەشریعی دەبینین، لەبەر ئەوەی یاساكان رەنگدانەوەی قۆناخە سیاسییەكە بوون.

ئەم كەموكورتییە بۆ قۆناخی دیموكراتیەتی ساوا، یەك دیاردەی زۆر ترسناكی لێدەكەوێتەوە، ئەویش دروستبوونی تەنگژەی متمانەیە لەنێوان لایەنە سیاسییەكاندا، دیارە تەنگژەی متمانەش پێویستی بە سازانە بە مەفهوومی سەفقەی سیاسی، راشكاوانەتر چۆن كێكە سیاسییەكە لەنێوان حزبەكاندا دابەش دەكرێت. ئەم حاڵەتە لەو چوار پرۆژەیە دەخوێنینەوە كە نێردراون بۆ پەرلەمان. خۆ ئەگەر ئەو تەنگژەیەی متمانە نەبوایە، یەك پرۆژە ئامادە دەكراو رەوانەی پەرلەمانی كوردستان دەكرا، ئەوجا ئەو چوار پرۆژەیە بەرامبەر یەك لایەن كە داوا دەكات سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، لە میانەی ئەو دانوستاندانەی كە كراون، سیمای ئەو راستییە دەركەوت كە ئەو چوار لایەنە دەیانەوێت سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەمەش لەم قۆناخە هەستیارە و لەناو ئەو هاوكێشە ئاڵۆزانەی ناوخۆیی و ئیقلیمی خەریكە دەمانگەیەنێتە دەرگایەكی داخراو، ئەوەی لە ٢٣ی حوزەیران لە پەرلەمانی كوردستان ئەنجامدرا، كودەتایەكی گەورە بوو بەسەر سازانی نیشتمانیدا، راستە چەند لایەنێك بایكۆتی دانیشتنەكەی پەرلەمانیان كرد و بە زۆرینە و كەمینە دەنگی لەسەر درا، لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئێستا سیناریۆكانی ئایندە بەمجۆرە دەخوێندرێنەوە:

**چوار لایەنی سیاسی ئێستا هەموو هەوڵیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بە زۆرینەی پەرلەمانی ئەم پرسە یەكلایی ببێتەوە، لەكاتێكدا هەر خۆیان پێداگیرییان لەوە دەكرد كە ئەو یاسایانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، دەبێت سازانی لەسەر بكرێت**

- چوار لایەنی سیاسی ئێستا هەموو هەوڵیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بە زۆرینەی پەرلەمانی ئەم پرسە یەكلایی ببێتەوە، لەكاتێكدا هەر ئەم چوارلایەنە پێداگیرییان دەكرد ئەو یاسایانەی رەهەندی نیشتمانییان هەیە، دەبێت سازانی لەسەر بكرێت وەك یاساكانی (خۆپیشاندان، یاسای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم و ...تاد)، بەڵام ئێستا هەر ئەوان هەوڵدەدەن لایەنێكی سەرەكی و چالاكی ناو پرۆسە سیاسییەكە وەلا بنێن، من وای بۆ دەچم ئەم سیناریۆیە گەمەیەكە بەرەو خۆكوشتنی سیاسیمان دەبات، لەوانەیە ئەزموونی هەرێمی كوردستان دووچاری ئیشكالاتی گەورە بكات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هەتا ١٩ی ئاب نەگەنە سازان، یان رێككەوتن چی روودەدات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: دەبێت ئەم پرسە لە دەستوور یەكلایی بكرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا دەستوور ناتوانێت ئەم پرسە یەكلایی بكاتەوە، بۆیە دەروازەی یاسایی بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە پێویستی بەوە هەیە ریفراندۆم بكرێت، ریفراندۆمیش نەك لەسەر دەستوور، بەڵكو لەسەر دیاریكردنی شێوازی سیستمی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، بەوەی ئایا سیستمەكە (پەرلەمانی، تێكەڵاو، یان سەرۆكایەتی) بێت و گەلی كوردستان كامیان پەسەند دەكات. ئەم مافەش مافی خەڵكی كوردستانە و ناكرێت حزبە سیاسییەكان لێیان زەوت بكەن.

## ■ ئەگەر بۆشایی دەستووری دروست بێت مەترسی گەورە سەرهەڵدەدات

د.عەبدولمەلیك یونس لەسەر رێكنەكەوتنی لایەنە سیاسییەكان هەتا ١٩ی ئابی داهاتوو ئاماژەی بە مەترسیی دروستبوونی بۆشایی دەستووری كرد و جەختی لەوە كردەوە، ئەگەر ئەم پرسە لە خاڵێكدا چڕ

بکەینەوە، ئەوەیە کە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم تەواو بووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کردووە، هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام وەڵامـــی ئەوان ئەوەیە لە ئێســـتادا ناتوانن هەڵبژاردن بکەن، بۆیە ئەگەر لایەنە سیاسییەکان نەگەنە سازان، ئـــەوا لە دوای ١٩ی ئاب دەکەوینە ناو بۆشـــاییەکی دەســـتووری، ئەم بۆشایە دەســـتوورییەش بۆ ئێستای کوردســـتان ترســـناکە، لەبەر ئەوەی لـــەم بارودۆخەدا بۆمبـــی تەوقیتی ناوخۆیـــی و ئیقلیمی بوونی هەیە و لەوانەیـــە لە پڕ بتەقێتەوە، بۆ خۆدوورخســـتنەوە لەم مەترســـییانە چەندین چارەســـەر پێشـــکەش کراون. من لێرەدا لەســـەر ئەو پێشـــنیارەی یەکێتی نیشتمانی هەڵوەستە دەکەم، کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە وەك ئەلتەرناتیڤ بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٥ خســـتوویەتەڕوو. ســـەبارەت بە یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یاسایەکی روون و ئاشکرایە و دەتوانین بڵێین دەچێتە چوارچێوەی یاسای تەئسیسییەوە، دەسەڵاتێکی دەستووری هەیە و جیاوازە لە یاســـایەکی ئاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاســـایە کاتێك دەرچوو، تێبینی لەسەر بوو، بەڵام چەند جارێك هەموار کـــراوە، هەمواری یەکەم ئەوەیە کە سەرۆك راســـتەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت، ماددەی ســـێیەم دیاری کردووە ویلایەتی ســـەرۆك بۆ ماوەی ٤ ســـاڵە و بۆی هەیە خولێکی دیکەش خۆی کاندید بکاتـــەوە، لەماددەی چوارەم دیـــاری کردووە هەڵبژاردنی ســـەرۆك لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان بەڕێوە دەچێت، لەمـــاددەی ١٥ ئاماژەی بەوە کردووە ئەگەر پۆستی سەرۆکی هەرێم چۆڵ بوو، ســـەرۆکی پەرلەمان جێگـــەی دەگرێتەوە و لە ماوەی ٦٠ رۆژ هەڵبژاردن دەکرێت، بۆیە یاساکە تا رادەیەکی زۆر باشـــە، بەڵام نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چارەسەرەکان هەموویان داخراون، ئـــەو هەموارانەی کـــراون، هەموویـــان هەموارکردنی سەقفەی سیاسین.

ئەو پـــرۆژەی یەکێتی بۆ ئەلتەرناتیڤی ئەم یاســـایە پێشکەشی کردووە، ئەگەر بە وردی پرۆژەکە بخوێنینەوە پڕیەتـــی لە کەموکورتی، تەنانەت تا ئاســـتێکی زۆر پرۆژەکە یاسایی نییە، بەڵام ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە هەوڵدراوە چارەســـەرێکی کاتی بـــۆ ئەم تەنگژەیە بخاتەڕوو، ئەو چارەسەرەش بەو جۆرەیە پرسەکە بدرێتە پەرلەمان بە رێژەی ٣/٢ پەسەند بکرێت، ئەمە شتێکی خەیاڵییـــە بۆ ئێســـتا، چونکە هەرگیـــز رێژەی ٣/٢ دروست نابێت، ئەم پڕۆژەیە هەتا ئەگەر بۆ ماوەی دوو ساڵیش کێشەکە چارەسەر بکات، دیسان چارەسەرێکی کاتییە، ئەم پرســـە پێویســـتی بەوە هەیە لە دەستوور، یان بە یاسایەکی تەئسیسی چارەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر چارەســـەر نەکرێت، دووبارە هەمان کێشەمان رووبەڕوو دەبێتەوە، لایەنێکی دیکەی نەرێنی لـــە پرۆژەکەی یەکێتی ئەوەیە داوادەکات ســـەرۆك لە پەرلەمـــان هەڵبژێردرێت، ئەمەش گۆڕینی شـــێوازی سیســـتمی سیاسییە لە کوردستان، گۆڕینی سیستمی سیاسیش پێویستی بە راپرسیی گەلی کوردستان هەیە و هیچ حزبێك ناتوانێت لە بری گەلی کوردستان بڕیار لەسەر پرسێکی لەمشێوەیە بدات.

خاڵێکـــی دیکە باس لەوە دەکات ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردســـتان و ســـەرۆك بە رێژەی ٣/٢ هەڵبژێردرێت، ئەمەشیان هەر چارەسەرێکی داخراوە و نابێتە چارەسەرێکی واقیعی.

لە بەشێکی دیکەی پرۆژەکەی یەکێتی و سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ســـەرۆك، هەندیك دەسەڵات زیادکراوە، هەندێکیش کـــەم کراوەتەوە، ئەوەی زیاد کراوە هەرگیز سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان ئەو دەسەڵاتانەی پیادە نەکردووە، بەتایبەتی ئەو دەســـەڵاتانەی پێکداچوونی هەیە لەگـــەڵ دەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن، خۆی بە پێویستی نەزانیوە بەکاری بهێنێت.

لیرەوە ئەگەر بیر لە چارەســـەرێك بۆ ئـــەو تەلزگەیە بکەینەوە کە رووبەڕوومان بۆتەوە، دیارە گەوهەری ئەم کێشەیە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش واتە گۆڕینی سیســـتمی حوکمڕانی لە کوردستان، بۆ ئەمەش تەنیا رێگە ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ رای خەڵکی کوردســـتان و گرنگە و دەبێت گـــەل ئەو بڕیارە بدات، هەروەك چۆن ماوەیەك پێش ئێستا لە یۆنان ریفراندۆم کرا لە سەر ئەوەی ئایا یۆنان بەشێك بێت لە یەکێتی ئەورووپا، یان نە. کێشـــەی لەم جۆرە بەدانوســـتاندن و سەقفەی سیاسی چارەسەر ناکرێت، ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە، لایەنێکی دیکە کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و پێوەندی بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتانەوە نییە، دەکرێت لیژنەی دەستووری لەسەر ئەم پرســـە وتوویژ بکات. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ئەوەیە کە بە رای ئێمە پرۆژەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٩ مان هەیە و دەستوورێکی زۆر پێشکەوتووە، لەسەر بنەمای

**گۆڕینی سیستمی سیاسی پێویستی بە راپرسیی گەلی کوردستان هەیە و هیچ حزبێک ناتوانێت لە بری گەلی کوردستان بڕیار لەسەر پرسێکی لەمشێوەیە بدات**

**ئەگەر لایەنە سیاسییەکان نەگەنە سازان، ئەوا لە دوای ١٩ی ئاب دەکەوینە ناو بۆشاییەکی دەستووری، ئەم بۆشایە دەستوورییەش بۆ ئێستای کوردستان ترسناکە، لەبەر ئەوەی لەم بارودۆخەدا بۆمبی تەوقیتی ناوخۆیی و ئیقلیمی بوونی هەیە**

ئەقڵانیەتێکی دەستووری دارێژراوە و ساڵانێکی دوور و درێژ کاری لەسەر کراوە، بەڵام ئەو لیژنە دەستوورییەی ئێستا خەریکی نووسینەوەی دەستوور و ئامادەکردنیەتی بۆ راپرسی، دەسەڵاتێکی تەئسیسییان بە خۆیان داوە کە بە یاسا ئەو دەسەڵاتەیان نییە، لەبەر ئەوەیی ئەندامانی ئەم لیژنەیە هەموویان شـــارەزای دەستوور نین. هەر بۆ نموونە تاکە پرۆفـــیسۆری یاسایی دەستووری کە لە کوردســـتان بوونی هەیە، ئەندامـــی ئەو لیژنەیە نییە، ئەمـــە لە کاتێکدا کە لە ســـاڵی ١٩٢٠ دەســـتووری نەمسا نووســـرایەوە، پرۆفیسۆر هانز کلسن بڕیاردەری لیژنەکە بووە، کە پرۆفیسۆر کلسن مامۆستای هەموو پرۆفیسۆرەکانی یاسای دەستوورییە لە جیهاندا. بۆیە لە ئێســـتا هیچ چارەسەرێکی سیحری بۆ ئەم کێشەیە بەدی ناکرێت، تەنها رێگەی چارەسەرێکی دوو لایەنە هەیە کە ئەویش ئەوەیە، یەکلایی کردنەوەی شـــێوازی هەڵبژاردنی ســـەرۆك بە راپرســـی و دەســـەڵاتەکانی سەرۆك بە دانوستاندن بێت.

### ■ سەرۆك بارزانی بێجگە لە شەرعییەتی شۆڕشگێری و یاسایی، شەرعییەتی مێژوویشی هەیە

د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەســـور کە پسپۆڕە لە بواری مێژوو، ئەم پرســـە لە روانگەی مێژووییەوە خوێندەوە و ئاماژەی بەوە دا کە پسپۆڕییەکەی لە بواری مێژووە، نەك یاســـای دەســـتووری. بەمجـــۆرەش رای خۆی دەربڕی:

دەمەوێت لە رووی مێژووییەوە تیشـــك بخەمە سەر ئەم بابەتە، بەتایبەتی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە رووی مێژوویـــەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان لە باشووری کوردســـتان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێشـــکەوتووترە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم پێشـــکەوتنە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکە ئەوەیە کە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ تا ٢٠١٥، ئەم بنەماڵەیە درێژەیان بە خەباتێکی نەپســـاوە داوە، بۆیە لە رووی مێژووییەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەم بەردەوامییە بوونی نەبووە، هەر بۆ نموونە دوای شێخ عوبیدوڵڵای نەهری، یان سمکۆ ئاغای شـــکاك، یان قازی محەمـــەد، لەلایەن کوڕ و بنەماڵەکانیانـــەوە بەردەوامی بە شـــۆڕش و بەرخودان نەدراوە، ئەمەش شـــەرعییەتێکی مێژوویی دەداتە کاك مسعود بارزانی وەك درێژەپێدەر و رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردســـتان. د. نەژدەت ئاکرەیی باسی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ی بەرەی کوردستانی کـــرد، ئەویش یاســـای هەڵبژاردنی رابـــەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانە، هەروەها یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیشمان هەیە، لێرەدا من دەپرسم: ئایا ناکرێت لە هەردوو یاســـای هەڵبژاردنی رابەری بزاڤی رزگاریخوازی و ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان، تێهەڵکێـــش بکەین و یاســـایەکی نوێی لـــێ بەرهەم بێنـــەوە؟ ئەم حاڵەتە بە بۆچوونی من لۆژیکی تێدایە، لەبەر ئەوەی هێشـــتا قۆناخی بزاڤی رزگاریخوازیمان تەواو نەبووە، لە ئێستاشـــدا بێجگە لە سەرۆك مسعود بارزانی هیچ کەســـێك ئەو شەرعییەتەی نییە، پێشتر سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ مام جەلال هەردووکیان ئەو شـــەرعییەتەیان هەبوو، لە باکووری کوردستانیش عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان هەیە، کە ئێســـتا لە بەندیخانەیە، بۆیە لە ئێســـتادا کـــەس ناتوانێت بەرامبەر ســـەرۆك بارزانی لە رووی شـــەرعییەتی مێژووییەوە خۆی بۆ رابـــەری بزاڤی رزگاریخوازی کاندید بکات و بەردەوام بێت، ئەمەش پێویستە بە یاسا رێکبخرێت، من پێموایە رابەر لە سەرۆکیش گەورەترە.

> لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی تا ئێستا ئەم بنەماڵەیە درێژەیان بە خەباتێکی نەپساوە داوە بۆیە لە رووی مێژووییەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان لە باشووری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووترە

> لە ئێستادا کەس ناتوانێت بەرامبەر سەرۆك بارزانی لە رووی شەرعییەتی مێژووییەوە خۆی بۆ رابەری بزاڤی رزگاریخوازی کاندید بکات

### ■ پرسی چارەنووساز
### بە کەمینە و زۆرینەی پەرلەمانی چارەسەر ناکرێت

د.محێدین حەســـەن پســـپۆڕ لە یاســـای دەستووری ئەم قەیرانەی لەو خاڵەوە شـــرۆڤە کرد کە پرۆســـەی نووسینەوەی دەســـتوور و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێـــم بەر لە کۆتایی هاتنـــی وادەی خۆی، هەر بۆ خۆی پرۆســـەیەکە پێوەندی بە بونیادی دامەزراوەیی هەرێمی کوردســـتانەوە هەیە، ئەوجا لەو روانگەیەوە کە هەرێمی کوردستان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو هەڵدەگرێت، یان وەك پرۆسەیەکی ململانێ لەنێوان هێزە سیاســـییەکاندا، ئەمەش پرسێکی گشتگیرە و هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کەواتە ئێمە رووبەڕووی دوو پرس دەبینەوە:

١. بونیادی دامەزراوەیی بەرەو دەوڵەت بوون.
٢. ململانێی سیاســـی نێو کۆمەڵگە، یان نێوان لایەنە سیاسییەکان.

لەم دوو تەوەرەدا دەبێت راستەوخۆ خەڵك تێدا بەشدار بێت، ئەمەش واتە هەم لە نووسینەوەی دەستوور، هەمیش لە یەکلاکردنەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خەڵك راستەوخۆ بەشدار بێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەشداریی جەماوەر لە ئاراستەکردنی بۆچوونەکان و هەروەها لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیشدا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت.

ئێمـــە لـــە ئێســـتادا هەنگاوەکانمان بـــەرەو بونیادی دەوڵەتـــە، ئـــەو دەوڵەتەش ئێســـتا رانەگەیەندرێت، لە

ئایندەدا رادەگەیەندرێت و ئامانجیشمان لە دەوڵەت، دەوڵەتێکی دیموکراتییە لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون، بەڵام ئەو ململانێیە سیاسییەی ئێستا لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا دەبیندرێت، بیرکردنەوە نییە لە دۆزینەوەی میکانیزمەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو گەڕانەوەیە بە دوای کەسبکردنی ئیمتیازاتی حزبی، راشکاوانەتر ئەو پرۆژانەی پێشکەش دەکرێن و ئەو کێشانەی درووست دەبن، هەموویان بە ئەقڵییەتی حزبییانەی تەسك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دوور لە روانگەی بەرژەوەندیی گشتین، بۆیە مەسەلە گرنگەکان بچووك کراونەتەوە بۆ بەرژەوەندیی حزب، نەك بەرژەوەندی گشتی، ئاڕاستەکردنی کێشەکەشیان بەرەو شەخسنە بردووە، واتە پرسەکەیان کردووە بە پرسی کەسێك، نەك پرسی نیشتمانێك، لەمەش خراپتر بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن زیاتر ئەم پرسە ئاڵۆز دەکەن و سەرکردەی حزبەکانیش لێدوانی ئاگرین دەدەن و هەندێك جار موزایەدەی سیاسیش دەکەن.

بێگومان ئەم شێوازی ململانێیە لە کاریگەری وڵاتانی ئیقلیمی و ناوچەکە دوور نییە، باری ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە کاریگەری هەیە، ئاشکراشە حزبەکانی کوردستان پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەرەوەش هەیە.

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و هەستیارەدا، ئێمە لە بەردەم بەرپرسیاریەتییەکی گەورەداین. لە ١٩ی ئاب ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، وەك د.شێرزاد نەجاڕ ئاماژەی پێکرد، هەموارکردنەوەکەی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ دەرگاکانی داخستووە، ئەگەر لە رووی یاساییەوە سەیری بکەین، هەست دەکەین هیچ دەروازەیەك نەماوەتەوە، بۆیە گرنگە یەکەمجار ئەو لایەنە چارەسەر بکەین و دەروازەیەکی یاسایی بدۆزینەوە. پرسیار ئەوەیە ئەو چارەسەرە چۆن دەبێت؟ دیارە پرسی لەم جۆرە پێوەندی بە سەرتاسەری کۆمەڵگەوە هەیە و بە زۆرینە و کەمینەی پەرلەمان چارەسەر ناکرێت، ئەو حزبە سیاسییانەش کە دەیانەوێت بە زۆینەی ٥٠+١ ئەو پرسە چارەسەر بکەن، دەبێت بزانن ئەم پرسە لەوە گەورەترە بەو شێوازە چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی پێوەندی بە هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە.

گەورەترین هەڵەمان ئەوە بوو کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٩ نەخرایە راپرسییەوە و لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و فشاری نێودەوڵەتی نەتوانرا ئەو راپرسییە بکرێت. لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ گۆڕانکاری بە سەر پێکهاتەی پەرلەمان و هاوسەنگی هێز لە نێو پەرلەماندا هاتووە. بڕیار بوو پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ بگەڕێندرێتەوە پەرلەمان و هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا ئەم لیژنەیە دەیکات، نووسینەوەی دەستوورێکی نوێیە، ئەمەش کارێکی هەڵەیە لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە ناتوانن بگەنە دەرەنجامێکی پێویست، هەتا ئێستا ٢٧ ماددە تەواو بووە، کۆمەڵێك پرسی زۆر ئاڵۆز ماون کە ئەندامانی ئەو لیژنەیە ناتوانن یەکلایی بکەنەوە و دەبێت بگەڕێنەوە بۆ حزبەکانیان، بۆیە ئێستا پرسەکە بێ چارەسەر هەڵواسراوە.

ئەوجا بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەك، ئەگەر هاتوو ئەم لیژنە دەستوورییە گەیشتە ئەنجام بۆ یەکلایی کردنەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوە باشە، ئەگەر نەگەیشت، دەبێت ئەم پرسە بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان و راپرسی لە سەر بکرێت و تەنها راپرسی دەتوانێت ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، یان راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە.

**■ ئەنجوومەنی شورا دەتوانێت رای خۆی لەسەر ماددەی ٤ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بدات**

د.چەواس حەسەن پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی، دوو خاڵی گرنگی لە یەکتری جیاکردەوە، ئەویش خودی کێشەکە و چۆنیەتی خستنەڕووی کێشەکەیە، لەم لایەنەوە ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر تەماشای کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەین، هەست دەکەین لایەنێکی ئەرێنی تێدا دەبیندرێتەوە، ئەو لایەنەش ئەوەیە کە گەلی کوردستان بۆ یەکەمین جارە خۆی قسە لە سەر سیستمی حوکمڕانیی خۆی دەکات، پێشتر ئەو مافەی نەبووە و هەرگیز رێگەی پێنەدراوە لەسەر سیستمی حوکمڕانی ئەو وڵاتە قسە بکات، کە تێیدا ژیاوە. بۆیە ئەمە لایەنێکی ئەرێنییە و جۆرێکە لە دەرکەوتنی ئاماژە بەوەی میللەتی ئێمەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە هۆشیارییەوە قسە لەسەر حوکمڕانی خۆی بکات، ئەمەش جۆرە پێشکەوتنێکە، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەم پرسە لەو خاڵەدا دەبینم، ئەوەیش چۆنیەتی خستنەڕووی ئەم کێشەیە و چۆنیەتی گفتوگۆکردنە لەسەر ئەم کێشەیە، کە ئەم لایەنەی هەڵەیە. بۆیە خودی کێشەکە ئاساییە، بەڵام خستنەڕوو، یان گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکە هەڵەیە، هەر بۆ نموونە لە فەرەنسا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ موناقەشە لەسەر ئەوە کراوە سیستمی سیاسیی فەرەنسا پەرلەمانی بێت، یان سەرۆکایەتی. لە دوای شەڕی

■

**ئێمە لە ئێستادا هەنگاوەکانمان بەرەو بونیادی دەوڵەتە، ئەو دەوڵەتەش ئێستا رانەگەیەندرێت، لە ئایندەدا رادەگەیەندرێت و ئامانجیشمان لە دەوڵەت، دەوڵەتێکی دیموکراتییە لە سەر بنەمای هاووڵاتیبوون**

■

**مەسەلە گرنگەکان بچووک کراونەتەوە بۆ بەرژەوەندیی حزب، نەک بەرژەوەندی گشتی، ئاراستەکردنی کێشەکەشیان بەرەو شەخسنە بردووە، واتە پرسەکەیان کردووە بە پرسی کەسێک، نەک پرسی نیشتمانێک**

**ئەوەی پێی دەڵێن زۆرینە تەنها ٥٠+١ بووە، کەواتە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوون، ئەمە وایکردووە کۆمەڵگەی ئێمە بەسەر دووبەرەدا دابەش بێت**

**چوار حزبەکە بینایەکی فیکری گەورەیان لەسەر ئەوە دامەزراندووە کە ئەگەر سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، دیکتاتۆریەت دروست دەبێت، ئەگەر راستییەکە بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن، دەترسن وەک کەنیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەموو بینای فیکرییان بڕووخێت**

دووەمی جیهانی دووبارە ئەو موناقەشەیە کراوەتەوە کە پەرلەمانی بێت، یان سەرۆکایەتی، ئەوە بوو لە ١٩٤٦ بڕیاریان دا پەرلەمانی بێت، دیگۆل لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ لە دەسەڵات دوور کەوتەوە و لە ساڵی ١٩٥٨ خۆیان ناچار بوون و دیگۆل-یان هێنایەوە و سیستمەکەیان گۆڕی. ئەمە مانای ئەوەیە ئەم پرسە سروشتی و ئاساییە.

لای من پرسەکە بەو جۆرەیە، ئایا دەبێت پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان چۆن بێت؟ گەوهەری موناقەشەکەش ئەوەیە، لەبەر ئەوەی لە دیموکراتیدا شێوازی جیاوازی سیستمی حوکمڕانی هەیە، لە سیستمی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرس نییە لە بەردەم پەرلەماندا، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسە لە بەردەم پەرلەمان، لە سیستمی تێکەڵاودا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسە لە بەردەم سەرۆك و هەروەها لە بەردەم پەرلەمانیشدا. بەڵام بەداخەوە ئەو موناقەشەیەی لە کوردستان دەکرێت، کۆمەڵگەی کوردستانی لەت کردووە، هەتا لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٣ی حوزەیرانی رابردوو تەواو دابەشی کرد، ئەوەی پێی دەڵێن زۆرینە تەنها ٥٠+١ بووە، کەواتە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوون، ئەمە وایکردووە کۆمەڵگەی ئێمە بەسەر دووبەرەدا دابەش بێت، دوو بۆچوونی جیاواز دروست بووە بەرامبەر بە دوو دامەزراوەی دەستووری، کە ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنن، بەڵام موناقشەکە لەسەر ئەوە نییە ئایا پێوەندی ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ هاوولاتی چۆنە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێوەندی هاوولاتی لەگەڵ ئەو دوو دامەزراوەیە و هەر شێوازێکی سیستمی حوکمڕانی پیادە بکرێت، پێوەندییەکی دیموکراتییانەیە، بەڵام بەداخەوە حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی حزبی خۆیان موناقشەکەیان گۆڕیوە بۆ موناقشەی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتی، ئەمەش یەکێکە لەو هەڵە زەقانەی بەداخەوە حزبەکان بە هۆشیارییەوە ئەنجامی دەدەن. تەفسیرێك بۆ ئەم پرسە دەکەن، کە ئەگەر سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئیتر دنیا کۆتایی دێت و دیکتاتۆر دروست دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا چەسپاندنی واقیعی دیموکراتی بە یاسا دەکرێت، نەك یاسا ئەوانە دروست بکات، هەر بۆیەش کاتێك حزبەکان ئەم واقیعە دروست دەکەن، هیچ پاکانەیەکیان لا نییە..هەر بۆ نموونە ئەگەر لێیان بپرسین بۆچی دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بەردەم پەرلەمان بەرپرس بێت، یان لە بەردەمی سەرۆك و پەرلەمان، ئەوا هەست دەکەین هیچ وەڵامێکی موقنعیان سەبارەت بەم لایەنە پێ نییە.

من ئەم پرسەم وەك بیرکردنەوەی کەنیسە دێتە بەرچاو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کاتێك گالیلۆ وتی زەوی خڕەو بە دەوری خۆردا دەسوورێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەنیسە لەو سەردەمە بینایەکی گەورەی فیکری لەسەر ئەو چەمکە هەڵەیە داڕشتبوو بەوەی کە زەوی خڕ نییە و رۆژ بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، بڕیاریان دا گالیلۆ لە سێدارە بدەن. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە ئەوە بوو، ئەگەر کەنیسە ئەم راستییەی بسەلماندایە، ئەوا هەموو ئەو بنەما فیکرییەی لەسەر ئەمە بینای کردبوو، لەبەریەك هەڵدەوەشاو دەڕووخا. چوار حزبە سیاسییەکانی ئێمەش لە کورستان بینایەکی فیکری گەورەیان لەسەر ئەوە دامەزراندووە کە ئەگەر سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، ئیتر دیکتاتۆریەت دروست دەبێت و دنیا دەڕووخێت، بەتایبەتیش بزووتنەوەی گۆڕان. بۆیە ئەگەر راستییەکە بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن و بڵێن مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، ئەوان دەترسن وەك کەنیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەموو بینای فیکرییان بڕووخێت، لە بنەڕەتیشدا مەسەلەکە بەوجۆرە نییە. سێ جۆر سیستمی حوکمڕانی لە جیهاندا هەیە کە بریتین لە: (سەرۆکایەتی، نیمچە سەرۆکایەتی، پەرلەمانی ) نموونەکانی بریتین لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا، ئێمە هەر کامێکمان بۆمان بلوێت، حەزدەکەین لە هەر یەك لەو سێ وڵاتە بژین، هەر سێکیشیان نموونەی وڵاتی دیموکراتی و زۆر سەرکەوتوون. بۆیە لە بنەڕەتدا ئەم پرسە هیچ ئیشکالییەتێکی تیا نییە لە سەر ئەوەی ئێمە کام شێواز هەڵبژێرین، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەك پەرچەکردارێکی توندوتیژی بۆ ئەو لێکترازانەی ناو یەکێتی، هەموو مەسەلەکانی پێچەوانە کردۆتەوە و دەیەوێت هەموو شتێك و مێژووش بکاتە سفر و لەو کاتەوە بنووسرێتەوە کە لە یەکێتی جیابۆتەوە، هەر بۆ نموونە سەیری بەیانەکەی ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ بکەین، پاشان درووستکردنی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی هەمان ساڵ، ئەمانە هەمووی دەریدەخەن ئەم بزووتنەوەیە چۆن بیر دەکاتەوە. لەم پرسەشدا کە پرسی یەکلاکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، جارێکی دیکە خۆیان خستۆتە گۆشەیەکەوە، بینایەکی فیکری و گوتاری راگەیاندنیان لەسەر ئەوە بونیاد ناوە، ئەگەر سەرۆك لە ناو پەرلەمانەوە هەڵنەبژێردرێت، ئیتر دنیا کۆتایی دێت و دیکتاتۆریەت دروست دەبێت.

ئەوان خۆیان دەزانن ئەم بۆچوونەیان هەڵەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك كەنیسەكانی سەدەی ناوەڕاست، ئەگەر پەشیمان ببنەوە، ئەو بینا فیكرییەی دروستیان كردووە دەڕوخێت، پەشیمان نابنەوە و راستییەكە نادركێنن كە واقیع شتێكی دیكە داوا دەكات. لە راستیشدا چۆنیەتی یەكلایی كردنەوەی ئەم كێشەیە كە لە بنەڕەتدا پرسی پێوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێكردن و یاسادانانە، ئەمە پرسێكە دەبێت خەڵك یەكلایی بكاتەوە و پێوەركە بەرژەوەندی هاووڵاتییە نەك هاووڵاتی خۆی، بۆیە لەم خاڵەدا دەبێت بپرسین: ئایا واقیعی ئێستای كوردستان چ جۆرە سیستمێك دەخوازێت؟ بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤٦ واقیعی فەرەنسا ئەوەی پێویست بوو كە سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەمەیان نەكرد، فەرەنسا بەرەو ناسەقامگیری حكوومی و سیاسی چوو، بە ناچاری ١٩٥٨ جێبەجێیان كرد. كەواتە بەرژەوەندیی هاووڵاتی بڕیار دەدات، نەك بەرژەوەندیی حزبێك، بۆیە رای من بەو جۆرەیە بۆ ئەم قۆناخەی ئێستا گرنگە سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، لەبەر ئەوەی وەك مۆریس دوفرجیە دەڵێت: (بوونی دەسەڵاتێكی جێبەجێكردنی بەهێز ئەوكاتە بوونی دەبێت كە پشت بە هەڵبژاردنی گشتی، یان رای گشتی ببەستێت بۆ بەگژداچوونەوەی فاشییەت و بەلشەفییەت) ئەوكات كە دوفرجیە ئەم قسەی كردووە، فەرەنسا لە بەردەم هەڵەشەی فاشییەت و بەلەشەفیەت بووە، بۆیە داوای سەرۆكی بەهێزی كردووە.. لە ئەمریكا لە ساڵی ١٧٨٧ – ١٩٤٠ هیچ سەرۆكێك ٣ جار سەرۆك نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٤٥ قەیرانی گەورەی ئابووری و پاشانیش شەڕی دووەمی جیهانی روویدا، ئەوا رۆزفەڵەت ٤ جار بۆ سەرۆكی ئەمریكا هەڵبژێردرایەوە، بۆ ئێستای كوردستانیش واقیعی سیاسی وا دەخوازێت، ماوەی دیاریكراوی دەستووری وەلابنرێت و مەترسییەكانی قۆناخەكە لەبەر چاو بگیرێت، لە ئێستاشدا لەبەر ئەم هۆكارانە پێمباشە كە سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێریت، نەك پەرلەمان:

١. پەرلەمانی كوردستان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بەرەو دابەشبوون و تەكەتولی سیاسی دەچێت، بەرەو ئەوە دەچێت هێزەكان بچووك ببنەوە. هەر بۆ نموونە پێشتر دابەشبوونی ناو پەرلەمان فیفتی بە فیفتی بوو، ئێستا گۆڕانكاری گەورەی بەسەردا هاتووە. حزب هەیە خۆی بە حزبی سەرەكی دادەنێت، كەچی تەنیا چەند كورسییەكی پەرلەمانی هەیە.

٢. ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە وایكرد لەدوای هەڵبژاردنەكانی ئەیلوولی ٢٠١٣ بە ٨-٩ مانگ بتواندرێت حكومەت پێكبهێندرێت، باشە ئەگەر سەرۆكی هەرێم نەبوایە، كێ نوێنەرایەتی شەرعییەتی لە هەرێمی كوردستان دەكرد، ئەمە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاكانیش بە هەمان شێوە بووە، كە دوای نزیكەی یەك ساڵ پارێزگاری سلێمانی دانرا.

سەبارەت بە دەروازە بۆ دەرچوون لەم كێشەیە، ئەگەر سەیری هەمواركردنی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٦ بكەین، هەروەها لە هەمواركردنی دووەمیش لە ساڵی ٢٠٠٩، لە ماددەی ٤ ئاماژە بەوە دەكات هەڵبژاردنی سەرۆك هاوكاتە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، كەواتە ئەمە جۆرێك لە فەرزی تێدایە و داوادەكات لە یەك كاتدا بكرێت، ئەمە بوارێك دەدات ماددەی ٤ بكرێتە بنەمایەك بۆ كردنەوەی ئەم گرێكوێرەیە. ئاشكرایە یەكێتی و گۆڕان نایانەوێت ٣٠ی حوزەیران دووبارە بكەنەوە، بۆیە باشترە پەرلەمان بۆ ئەم ماددەیە رای ئەنجوومەنی شورا وەربگرێت، ئەمەش نە درێژكردنەوەیە، نە نایاساییشە و تۆپەكە دەكەوێتە گۆڕەپانی دەسەڵاتی دادوەری و ئەوان رای خۆیان لەو بارەوە دیاری دەكەن.

## ■ ئەم قەیرانە ئیشكالییەتیكی یاسایە بەڵام باكگراوندێكی سیاسی هەیە

مامۆستا سەرتیپ خالیس كە بڕوانامەی ماستەری لە زانكۆی رۆدن لە مۆسكۆ وەرگرتووە، لەسەر ئەم پرسە ئاماژەی بەوەكرد، كاتێك سەیری ئەم كێشەیەی سەرۆكایەتی هەرێم دەكەین، وەك كێشەیەكی یاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام لە بەر ئەوەی یاساكانی كوردستان باكگراوەندی سیاسییان هەبووە، بۆیە ئیشكالییەتی سیاسیشی هاتۆتە ناوەوە، بۆیە ئەم كێشە یاساییەی ئێستا چارەسەركردنەكەی پێویستی زیاتری بە باكگراوندێكی سیاسی هەیە، هەر بۆیەشە ئەمڕۆ لایەنە سیاسییەكانی كوردستان هاتوونەتە ناو كێشەكە و هەر لایەك دەیەوێت لە روانگەی بەرژەوەندیی حزبیی خۆیەوە چارەسەر بۆ ئەم كێشە سیاسییە بخاتەڕوو، چارەسەرەكانیش هەموویان وەك كارتی هەڵبژاردنن و دەیانەوێت لەم رێگایەوە كەسبی حزبی خۆیان زیاتر بكەن، ئەمە وایكردووە ئەم بابەتە یاساییە بۆتە ململانێی نێوان حزبە سیاسییەكان، لە بنەڕەتیشدا ئەم پرسە ئیشكالییەتێكی یاساییە، نەك سیاسی و ململانێی نێوان حزبە سیاسییەكان. ئەوەی ئێستا وەك دەروازە و چارەسەر باس دەكرێت، زیاتر باس لە سازانی

■ زیاتر باس لە سازانی نیشتمانی دەكرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا حزبە سیاسییەكان دەیانەوێت وەک سەفقەی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ بكەن، بۆیە پرسەكە لە بری ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، زیاتر ئاڵۆز بووە

■ دەستووری ٢٠٠٩ لە بارودۆخێكدا نووسراوە كە سەقامگیری سیاسی هەبووە، بەڵام ئێستا ئەو سەقامگیرییە بوونی نییە، بۆیە تەنها یەک رێگە چارە ئەوەیە خەڵكی كوردستان ئەم پرسە یەكلایی بكاتەوە

نیشتمانی دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا سازانی حزبییە و حزبە سیاسییەکان لە روانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە دەیانەوێت وەك سەفقەی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بۆیە پرسەکە لە بری ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، زیاتر ئاڵۆز بووە.

لایەنێکی دیکە کە دەکرێت وەك دەروازەیەك بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سەیر بکرێت، دەکرا ئەگەر ئەم لیژنەیە ئێستا بۆ ئامادەکردنی دەستوورێکی تازە پێکهێنراوە، لیژنەیەك بوایە بۆ پێداچوونەوەی دەستووری ٢٠٠٩، بەوجۆرە دەیانتوانی ئەم پرسە لە دەستووردا چارەسەر بکەن، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم لیژنەیە ئەندامانی حزبە سیاسییەکانن و هەر یەکەیان لە روانگەی بەرژەوەندیی حزبی خۆیەوە سەیری پرسەکە دەکات، بۆیە زەحمەتە بگەنە رێککەوتن و پرسەکە یەکلایی بکەنەوە. بەڵام دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ لە بەر ئەوەی ئەگەر ناکۆکییەکیش لەسەر دەستووری ٢٠٠٩ هەبێت، لەسەر چەند ماددەیەکە، ئەمە کۆمەڵێك یاساناس دەتوانن چارەسەری بکەن، ئەمە دەروازەیەکی باشە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩ لە بارودۆخێکدا نووسراوە کە سەقامگیری سیاسی هەبووە، بەڵام ئێستا ئەو سەقامگیرییە سیاسییە بوونی نییە، هەر بۆیە لە حاڵەتێکی لەمجۆرە ئەگەر نەتواندرێت بگەڕێنەوە بۆ پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٩، ئەوا تەنها یەك رێگە چارە دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ خەڵك و راپرسی بکرێت و خەڵکی کوردستان ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە.

**ئەگەر حزبە سیاسییەکان رێز لە ئیرادەی میللەتی خۆیان دەگرن، میللەت چ بڕیارێکی دا، دەبێت هەموو حزبەکان پێوەی پابەند بن**

### ■ دیاریکردنی سیستمی سیاسی بۆ نەتەوەیەکە نەك کەسێکی دیاریکراو

فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان، زیاتر لە روانگەیەکی رۆژنامەوانییەوە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسەکرد و بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:

ئێمە زیاتر بۆچوونەکانمان رۆژنامەنووسانەیە، بۆیە لە پرسێکی وا گرنگدا کە پێوەندی بە هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەبێت، لەوانەیە شتێکی باش بێت، بۆچوونی رۆژنامەوانیش هەبێت. ئەوەی ئێمە وەك رۆژنامەنووس لەم کێشەیەی سەرۆکایەتی هەرێم دەیبینین، ئەوەیە چۆن پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەك پرسێك بۆ ئێستا و ئایندە تاوتوێ بکەین و بە کەسێتی کردنی ئەم پرسە لە شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی لێك جیابکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەم دوو پرسە پێکەوە تێکەڵ کراوە و مەسەلەکە هەمووی بۆتە ئەوەی سەرۆك بارزانی لە پەرلەمان هەڵبژێردرێتەوە، یان لەلایەن خەڵکەوە، لەکاتێکدا دیاریکردنی شێوازی سیستمێك بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات، پێوەندی بە تەنها کەسێکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە ئێستا و نەوەکانی ئایندەشەوە هەیە.

د.چەواس حەسەن لەسەر پرسی سیستمی تێکەڵاو و پێوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان هەڵوەستەیەکی گرنگی کرد، بەڵام من لێرەدا هەڵوەستە لەسەر لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە دەکەم، کە ئەویش هەر لە سیستمی تێکەڵاودا بریتییە لە پێوەندی نێوان سەرۆك — سەرۆك وەزیران، هەروەها سەرۆك — پەرلەمان، دیارە لە سیستمی تێکەڵاودا، یان لەو سیستمە پەرلەمانییانەی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە پێوەندی بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکەوە نییە، واتە بۆیە دەبێت سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی سەرۆك دەسەڵاتی زۆر بێت، نەخێر ئەم پرسە پێوەندی بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکەوە نییە، لەبەر ئەوەی هەندێك سەرۆك وەك سەرۆکی نەمسا و ئیرلەندا کە لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن، هیچ دەسەڵاتێکی تەشریعییان نییە و تەنها دەسەڵاتی غەیرە تەشریعییان هەیە و دەسەڵاتەکانیان زۆر لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەڵمانیا کەمترە کە لەناو پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن. بۆیە لێرەوە گرنگە بەدوای ئەوە پرسەدا بچین و بپرسین: ئایا لۆژیکی پشت هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زۆربەی پسپۆڕانی یاسای دەستوور لەوانە جۆن کاری، ماسیۆ شۆرگات، سکۆت مەینوارین، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە بەپێی دەسەڵاتەکانی سەرۆك سیستمی تێکەڵاو پێناسە بکرێتەوە، بکرێتە سیستمی سەرۆك- سەرۆك وەزیران، سەرۆك — پەرلەمان، لە سیستمی یەکەمدا سەرۆك — سەرۆك وەزیران، حکومەت تەنها لە بەردەمی پەرلەمان بەرپرسە، بەڵام لە سیستمی سەرۆك — پەرلەماندا، حکومەت بەرپرسە لە بەردەمی سەرۆك و پەرلەمانیشدا، کەواتە لۆژیکی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك پێوەندی بە لایەنی دیکەی پرۆسەی دیموکراتییەکەوە هەیە، نەك دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بۆ ئەمەش ئەوان وای دەبینن، هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە، واتە سەرۆك فەرمانبەر و خزمەتکاری گەلی خۆیەتی، بەڵام کاتێك لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، ئەوا دەبێتە فەرمانبەری پەرلەمان و دەبێت ملکەچی فراکسیۆنە حزبییەکانی ناو پەرلەمان بێت، لایەنێکی دیکە ئەوەیە، ئەگەر سەرۆك لە ناو

**هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە، واتە سەرۆک فەرمانبەر و خزمەتکاری گەلی خۆیەتی، بەڵام کاتێک لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، دەبێتە فەرمانبەری پەرلەمان و ملکەچی فراکسیۆنە حزبییەکانی ناو پەرلەمان دەبێت**

پەرلەمان هەڵبژێردرێت، هاوپەیمانییەکی شلۆق لەنێوان حزبەکاندا دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، لەبەر ئەوەی مەرجەعییەتی سەرۆك گەلەکەی خۆیەتی، دەبێت چاودێر بە سەر حزبە سیاسییەکان و هاوپەیمانی بەهێز دروست دەبێت کە خزمەتی پرۆسە دیموکراتییەکە دەکات.

لایەنێکی دیکەی ئەم کێشەیە کە وەك دیاردەیەکی سەیر دەبیندرێت، ئەوەیە بە دەق نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: ئێمە سیستمێکی پەرلەمانیمان دەوێت بە هاوشێوەی عێراق. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا سیستمی سیاسیی عێراق پەرلەمانی موجەڕەدە؟! ئەمەش جۆرێکە لە تێکدانی رای گشتی لەبەر ئەوەی ئەو سیستمە سیاسییەی ئێستا لە عێراق پیادە دەکرێت، سیستمێکی سیاسیی تازەیە بۆ چارەسەرکردنی شەڕی ناوخۆی لوبنان داهێنراوە و هیچ پێوەندییەکی بە سیستمی پەرلەمانی موجەڕەدەوە نییە، ئەویش سیستمی پەرلەمانی تەوافوقییە. ئەم سیستمە کە هیچ پێوەندییەکی بەو سیستمە پەرلەمانییانەوە نییە کە لە وڵاتانی دیکە پیادە دەکرێت، تەنها بۆ ئەوەیە کۆمەڵێك مەزهەب و نەتەوە و ئایینی جیاواز کە کێشە و ململانێیەکی مێژوویی لە نێوانیان هەیە، لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە و مەزهەب دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن، نەك لەسەر بنەمای ئاکامی دەنگدان.

هەر بۆ نموونە لە دوای یەکەم هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە تا ئێستا، پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردە، سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننەیە، سەرۆك وەزیران بۆ شیعەیە، ئەوجا ئاکامی دەنگدان هەر چییەك بێت، لە دوایین دەنگدان بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆماری عێراق کە بەڕێز د.فوئاد مەعسوم بوو، دەوڵەتی یاسا دەیویست بە زۆرینە و کەمینەی پەرلەمانی پرۆسەکە تێکبدات، بۆیە حەنان فەتلاوی وەك کاندید بۆ سەرۆك کۆمار خۆی پاڵاوت، سەبارەت بەم ڕووداوە، ئێمە هەموومان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیمان، د.ئیبراهیم جەعفەری چەند تکای لە حەنان فەتلاوی کرد بۆ ئەوەی کاندیدبوونەکەی بکێشێتەوە، خۆ ئەگەر نەکشابایەوە، ئەوە بە زۆرینەی پەرلەمانی ئەو دەبووە سەرۆك کۆمار، نەك بەڕێز د.فوئاد مەعسوم.

بۆیە کاتێك سەرکردەی حزبێك داوادەکات سیستمی پەرلەمانی مۆدێلی عێراقیمان دەوێت، ئەوا دەبێت لەسەر هەمان بنەما دەسەڵاتەکانیش دابەش بکرێت، سەرۆکی هەرێم بۆ کورد بێت و سەرۆکی پەرلەمان بۆ تورکمان و حکومەت بۆ کریستیانەکان بێت، ئایا ئەمە سیستمی پەرلەمانییە؟؟

بۆیە دەبێت ئەم چەواشەکردنە روون بکرێتەوە، دیاریکردنی سیستمی سیاسی دیموکراتی پێوەندی بە واقیعی سیاسی ئەو وڵاتەوە هەیە، نەك مەزاجی سەرۆك حزبێك، یان چەند حزبێك کە ئەم پرسە گرنگە وەك کارتی کەسبی حزبی بەکار دەهێنن. بۆیە ئەگەر حزبەکانی کوردستان لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی دیموکراتی بن و یاری بە میکانیزمەکانی دیموکراتی بکەن بۆ مەرامی حزبی خۆیان، ئەوا ناتوانن لەم پرسە گرنگە ڕێسای هەڵبژاردنی سیستمی سیاسی بکەنە کارتێك و گەمەی حزبایەتی پێبکەن و ناتوانن لە بری خەڵك بڕیار بدەن، کە دەشڵێین ناتوانن لە بری خەڵك بڕیار بدەن، تەنها مەبەستمان حزبەکانی کوردستان نییە، بەڵکو مەبەستمان لە حزبی سیاسییە وەك دامەزراوەیەکی گرنگ لە پرۆسەی دیموکراتیدا و لە هەموو وڵاتانی دیموکراتیدا حزبی سیاسی لە سەر پرسی سیستمی سیاسی ناتوانێت نوێنەرایەتی خەڵك بکات و دەبێت ئەم پرسە بگەڕێتەوە بۆ گەلەکە و خۆی بڕیار بدات چ جۆرە سیستمێکی دەوێت.

دەبێت خەڵك ئەو ڕاستییە بزانێت، ئێمە یەکەم وڵات و نەتەوە نین لە سەر سیستمە جیاوازەکان کێشەمان بۆ دروست بووە، ئەو بەڕێزانەی پێشوو زۆر جوان باسی فەرەنسایان کرد، دیارە فەرەنسا نموونەیەکی زۆر باشە لەبەر ئەوەی فەرەنسا تەنها وڵاتە کە هەر سێ جۆرە سیستمەکەی (پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، تێکەڵاوی) لە دوای شۆڕشی فەرەنساوە تا ئێستا پیادە کردووە و پێنج جار دەستووری گۆڕیوە و پێنج جار ڕاپرسی کردووە، نموونەی تازەش وڵاتی مۆلداڤیایە کە تا ساڵی ١٩٩٩ سەرۆك لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەمە گۆڕدرا و داوا کرا سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بۆ ئەمە لە مۆلداڤیا ڕاپرسی کرا، گەل بڕیاری دا و ئاکامی ڕاپرسییەکەش ئەوە بوو سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت. بۆیە ئەو ململانێ ناتەندروستە سیاسییەی ئێستا چوار لایەنەکە بەڕێوەی دەبەن و ئەوەی نەوشیروان مستەفا دەڵێت، سیستمی پەرلەمانی بە شێوەی عێراق، ئەمە کەم تا زۆر پێوەندی بە کەلتووری دیموکراتییەوە نییە، کەلتووری دیموکراتی ئەوەیە ئەم پرسە بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان و ئەوان یەکلایی بکەنەوە، ئەگەر حزبە سیاسییەکان ڕێز لە ئیرادەی میللەتی خۆیان دەگرن، ئەوا میللەت چ بڕیارێکی دا دەبێت هەموو حزبەکان پێوەی پابەند بن.

**هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە، ئەو شکستانە چارەسەر دەکات کە پەرلەمانی ئەو وڵاتانە بۆیان چارەسەر ناکرێت**

**بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان، بارودۆخی قەیران بەرهەمهێنە، نەک چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکان**

# بۆچی لە ماوەی دوو ساڵدا پرسی دەستوور چارەسەر نەکرا؟

لە ٣٠ی حوزەیران پەرلەمانی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ دوو ساڵ درێژ کردەوە.
لە ٢٠١٣/٧/١٥دا یاسای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم پەسەند کرا، بە بێ ئەوەی خودی سەرۆکی هەرێمی واژۆی لەسەر بکات.
دواتر سەرۆکی هەرێمی ڕایگەیاند کە کاری لە پێشینەی پەرلەمان ئەوەیە دەستوورەکە بۆ پەرلەمان بگەڕێنێتەوە.
لە ٢٠١٣/٩/٢١ تاوەکو ٢٠١٤/٥/١٥ حکومەت پێکنەهێندرا، هەروەها تاوەکو ٢٠١٥/٤/٣٠ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستنیشان نەکرا.
لە مانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٥ـەشەوە پەرلەمان سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەی حکومەت بوو.
لە ١٠/٦/ ٢٠١٤ موسڵ لە لایەن داعش -ەوە داگیر کرا. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کەوتە شەڕێکی قورسەوە لەگەڵ تیرۆریستانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش)، ئەم شەڕە بووە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد و کریستیان و عەرەب لە موسڵ و جەلەولا و تکریت -ەوە ئاوارەی کوردستان بن، ئەمەش بارودۆخێکی دروست کرد کوردستان بە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانیشەوە سەرقاڵ بێت بە داعش و ئاوارەکانەوە و ناسەقامگیری هاتەئاراوە.
لە ٢/٨/ ٢٠١٥ داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و دەشتی نەینەوا و شنگال-ی داگیرکرد و لەو لاشەوە جەلەولا-یان داگیرکرد، لەو ڕێکەوتەوە (سەرەتای ساڵی ٢٠١٥) سەرۆك بارزانی خۆی ڕاستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕدا بوو، دواتریش سەرقاڵ بوو بە

## ■ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك شکستەکانی پەرلەمان پڕدەکاتەوە

هێمن غەنی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گوڵان و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە یاسای دەستووری لە سەر ئەم قەیرانە ئاماژەی بەوە کرد، قەیرانێکی گەورە بەرۆکی کوردستانی گرتووە و قەیرانەکەش پێوەندی بە سیستمی حوکمڕانییەوە هەیە، لەمەش خراپتر ئەوەی ئەم قەیرانە بەڕێوە دەبات، سەقفەی سیاسی نێوان حزبەکانە، نەك دامەزراوە دەستووری و شەرعییەکانی وڵات، تەنانەت سەقفەی سیاسی نێوان حزبەکان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر دەرکردنی یاساکانیش، هەر بۆ نموونە: یاسایەك دەرچووە لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٣ سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی، بەڵام ئەم یاسایە گرێدراوە بە گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان، سەقفی دوو ساڵیش دیاری کرا بۆ ئەوەی دەستوور لە لایەن پەرلەمانەوە ئامادە بکرێتەوە، بە بێ ئەوەی دیاری بکرێت کە چی ڕوودەدات ئەگەر لەو ماوەیەدا دەستوورەکە نەنووسرایەوە.
بۆیە ئەم بارودۆخە پێمان دەڵێت، بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان، بارودۆخی قەیران بەرهەمهێنە، نەك چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکان، بەڕێزان لەم مێزگردە هەموویان لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیان کرد و د.شێرزاد نەجاڕ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پرسێکی گرنگی وەك سەرۆکی هەرێم، یان وڵات، نابێت بە یاسای ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو پێویستە بە یاسای تەئسیسی یان دەستوور یەکلایی بکرێتەوە، سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکیش، یان سیستمی تێکەڵاو، پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاری لە بواری هەڵبژاردن کە سەر بە زانکۆی نیۆیۆرك-ە، لە ساڵی ٢٠١٤ توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە لەسەر وڵاتانی دوای بەهاری عەرەبی و ئاماژەی بەوە کردووە، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە، ئەو شکستانە چارەسەر دەکات کە پەرلەمانی ئەو وڵاتانە بۆیان چارەسەر ناکرێت، هەروەها نموونەی زیندوو فەرەنسایە بەوەی هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە بە جۆرێك شکستەکانی پەرلەمانی چارەسەر کرد، ئەوە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە سەقامگیری حکوومی و سیاسی باڵی بە سەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە، لە کاتێکدا کە سیستمەکە پەرلەمانی بوو لە ١٩٤٦- ١٩٥٨، تەمەنی هیچ کابینەیەکی حکومەت لەو ١٢ ساڵە نەگەیشتۆتە ساڵێك، بۆیە لەو ١٢ ساڵەدا، ١٦ جار

بەدەستهێنانی چەکی پێویست بۆ پێشمەرگە. هەروەها هەموو پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکانیش سەرقاڵی ئەو بارودۆخە نائاساییە بوون. دواتریش لە مانگەکانی ٤و ٥ی ساڵی ٢٠١٥ دەرفەت درا بە حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و تەوافوقێك کە سەرۆکی هەرێمیش خۆی لە ئەمەریکا ڕایگەیاند پابەند دەبێت بەو چارەسەرەی پارتە سیاسییەکان بە تەوافوق پێی دەگەن. داوای لێکردن لە ماوەی ٩٠ ڕۆژدا دەستوور بنوسرێتەوە و هەروەها داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کرد.

یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی دەستوور بۆ راپرسی، ئەمەش واتە نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ، بەو ئامانجەی کە پرسی سیستمی سیاسی لەو دەستوورە یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام لە بری زەمینەخۆشکردن بۆ نووسینەوەی دەستوور، هەر چوار لایەنە سیاسییەکە(گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو) هەر یەکەیان پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی پێشکەشی پەرلەمان کرد.

پەرلەمانی کوردستان لە بری ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە رۆڵێ مێژوویی خۆی بگێڕێت بۆ سازان لەسەر ئەم پرسە کە پرسێکی نیشتمانییە و پێوەندی بە هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، لە ٢٣ی حوزەیران بە زۆینەیەکی زۆر سادە٥٠ +١ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاساکان کرد و بەمەش سازانی لەبار برد و کوردستانی خستە بەردەمی تەنگژەیەکی سیاسی و پێدەچێت ئەم رۆڵە خراپەی پەرلەمان، کوردستان رووبەڕووری مەترسی گەورەتر بکاتەوە.

کابینەی حکومەت هەڵوەشاوەتەوە و پێکهێنراوەتەوە، لەم خاڵەوە گرنگە لە یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە گرنگە، گەلی کوردستان رۆڵێکی گرنگی هەبێت و خۆی بڕیار بدات چۆن ئەم کێشەیە یەکلایی دەکاتەوە.

## ■ خاڵە هاوبەشەکانی نیو مێزگردەکە گۆڕینی سیستەم بە راپرس دەکرێت و گەل بڕیاری لەسەر دەدات

هەموو بۆچوونەکانی ئەم مێزگردە لەچەند خاڵێکی هاوبەشدا رەنگیان داوەتەوە و لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١. پەرلەمانی کوردستان خۆی بێئاگا کردووە لەوەی کە ئێستا خۆی لەناو تەنگژەیەکی قووڵدایە و ئەو تەنگژەیەش پێوەندی بە هەیکەلی سیستمی سیاسیی کوردستانەوە هەیە.


٢. پەرلەمانی کوردستان کەموکورتییەکی گەورەی تەشریعی هەیە، ئەم کەموکورتییە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەرلەمان لە ژێر گوشاری حزبە سیاسییەکاندایە.

٣. سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان هەموویان بە لێدوانی ئاگرین بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە و پەرلەمانیان خستۆتە تەنگژەوە، ئەوجا وەك کارل شمیت لە کتێبی (تەنگژەی پەرلەمانەکان) ئاماژەی پێکردووە، تەنگژەی پەرلەمانی لە کۆماری ڤایمەر دیکتاتۆری دروست کرد، لە ئێستاشدا دەبێت ئەم مەترسییە لەبەرچاو بگیرێت.

٤. پێویستە پەرلەمان لەم تەنگژەیە رۆڵی خۆی هەبێت و هەیبەتی بۆ بگەڕێتەوە، پەرلەمان شوێنی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت، نەك هۆڵێك بۆ ململانێی سیاسیی حزبی، پەرلەمان شوێنی ململانێی سیاسییە بۆ بەرژوەندیی خەڵك، نەك بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەکان.

٥. هەموو بۆچوونەکان لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسی لەو خاڵەدا یەکیان گرتۆتەوە کە ئەم پرسە پێویستی بە ئەنجامدانی راپرسی هەیە، بۆیە سەرکردایەتی سیاسیی حزبە سیاسییەکان هەڵەیەکی گەورە دەکەن، ئەگەر زەمینە بۆ راپرسی لەسەر ئەم پرسە ساز نەکەن، هەروەك چۆن هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە نەیانهێشت لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستوورەکە بخرێتە راپرسییەوە، ئەو کات ئەو راپرسییە بکرایە، ئێستا نەدەکەوتینە بەردەم ئەم دەرگا داخراوە، راستە کێشەی دیکەمان دەبوو، بەڵام دەرگاکان هەمووی دانەدەخران.

# ئابووریی عێراق لە سایەی حوکمڕانیی تاقمێکی پەڕپووتی کۆمەڵایەتیدا



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ستراکتۆری ئابووریی نیشتمانی و سیاسەتە ئابوورییەکان کە لەلایەن ئەو توێژە حوکمڕانـــەوە پەیڕەودەکرێن لە توانایدا هەیە بە وردبینیی و بڕوایەکی بەرزەوە ئاشکرا بکرێن، کاتێ پشـــت بە ژمارەی ئاماری ورد دەبەســـترێت، قسەکردنیش لەسەر جیاکردنەوەی نێوان سیاســـەت و ئابووری خەونێکی ئـــەو خەیاڵییانەیە کە خزمەت تەنیا بـــەو تاقمە حوکمڕانە دەکات کە هەوڵدەدات ئەو بیرۆکەیە لە مێشـــکی تاکەکانی کۆمەڵگادا بچەسپێنێت، کاتێکیش هەندێ لە ئابووریناسان ئـــەو بیرۆکەیە دەڵێنەوە، ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەن بەوەی رەفتارناکەن بۆ رۆشـــنکردنەوەی پێویســـتی ئابووریی لای تاکەکانـــی کۆمەڵگا، جـــا ئەگەر دەرکیـــان بەمە کردبێت یان نا، لێرەوە زاراوەی (ئابووریی سیاســـی)ی زانســـتی بە رێککەوتنی نێودەوڵەتی ســـەری هەڵدا، کە گوزارشـــت لەو پەیوەندییە جەدەلییە بابەتییەی نێوان سیاســـەت و ئابووری دەکات.

بۆیە ئاشنابوون بە بنیاد یان پێکهاتنی داهاتی نەتەوەیی لـــە عێـــراق، هەروەها کەرتـــە ئابوورییەکانی بەشـــدار لەو پێکهاتەو کێشـــەی کوالێتیی هەموو ئەو بەشـــداریکردنانە لەلایەکـــەوە، هاوکات بنیادی یەکەم دابەشـــکردنی هەردوو لایە کەڵەکەبوون و بەکاربردن، دواتر دابەشـــکردنی پشـــکی کەڵەکەبـــوو وەك وەبەرهێنانەکانـــی پەرەپێدانـــی ئابووریی نیشتمانی و هەمەجۆرکردن و پەرەپێدانی و پشکی بەکاربردن لەنێوان بەکاربردنی تاکەکەســـی و بەکاربردنی کۆمەڵایەتی، بـــە دەربڕینێکی وردتر زانینی پـــلان و بودجەی پەرەپێدانی نیشـــتمانی و پلان و بودجەی ئاســـایی دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە، ئەمانە رووی ئەو ئامانجانە دەردەخەن کە حکومەتی فیدڕاڵی عێراق هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدات.

ئابووریناســـانی عێراق لەســـەر ئەو راســـتییە کۆکن کە زەحمەتە هـــەر مرۆڤێکی ژێر نکۆڵی لێبکات ئەویش ئەوەیە کە ئابووریـــی عێراق ئابوورییەکی قازانجیـــی بەکاربەرییە کە پشـــت دەبەســـتێت بە نەوتی خاو لە پێکهاتەی بەشـــی زۆری پوختەی بەرهەمی خۆماڵی یان لە داهاتی نەتەوەیی لەلایەك، هەروەها تێرکردنی پێداویستیی بەکاربردنی خۆماڵی لە هاوردەی کاڵا بە پشت بەستن بە پارەی نەوتی هەناردەکراو لەلایەکی دیکەوە.

ئەگـــەر ئابووریی عێراق بەر لە هەشـــت دەیە قازانجیی کشـــتوکاڵی بووبێت، ئەوا لە پەنجاکانی ســـەدەی بیستەوە قازانجیـــی نەوتیی نایاب بووە، لەم ماوەیەشـــدا نەك تەنیا سیمای قازانجییەکەی چەسپاوە، بەڵکو سیمای بەکاربردنی بێ بەرهەمیشـــی لە دەیەی نۆیەمی ســـەدەی بیســـتەوە تائیستا بە شێوەیەکی تایبەت بەرچاودەکەوێت. کاتێ توێژەر لەم قۆناغـــەدا بە وردیی لە بودجـــەی پەرەپێدانی دەوڵەت دەکۆڵێتـــەوە ئەوا ئەم تابلۆیە دێتە بەر چاوی: کۆششـــێکی زۆر بۆ قووڵکردنەوەی سیمای قازانج لە ئابووریی عێراقی و بەکردەوە دووركەوتنەوە لە پەرەپێدانی پشەسازیی و کشتوکاڵی کە کاریگەریی نابێت لـــە گۆڕانکاریی بنیادی ئابووریدا، دواتر لـــە بنیادی پێکهاتەی داهاتـــی نەتەوەییدا، ئەمەش مانـــای وایە ئابووریی عێراق هـــەر بە قازانج و بەکاربردنی بێ بەرهەم دەمێنێتـــەوە، واتا بەردەوامبوون و قووڵکردنەوەی حاڵەتی داماڵینی پەردە لەسەر ئابووریی عێراق.

کاتـــێ چاودێر لە بودجـــەی ئاســـایی دەوڵەتی عێراق دەکۆڵێتـــەوە دەبینێت کە ئاڕاســـتەنەکراوە بـــۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاو لابردنی ئەو بارودۆخە کەڵەکەبووەی لە پێشـــانەوە ماوەتـــەوەو ئەوەی کە لە دەیەی

یەکەم و ساڵانی یەکەمی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم هاتۆتە ئاراوە، هەروەها دەبینێت کە خزمەت بە بەرژەوەندیی بژاردەیەکی حوکمڕان و دەوروبەریان دەکات، هاوکات بۆ چەکداریکردن و پێکهێنانی سوپایەکی گەورە لە فەرمانبەر کە لە داهاتی رۆژانەیاندا پشت بە حکومەت دەبەستن، لە کاتێکدا سەرنج دەدات کە کەمتەرخەمییەکی زۆر و بە کردەوە هەیە لە بواری وزەو پەروەردەو تەندروستی و دامەزراوەکانیدا، هەروەها لە رووی گواستنەوەو نیشتەجێبوون و بەرەنگاربوونەوەی بێکاری و هەژاری و.. تاد. واقعی حاڵ و نووسینی ئابووریناسان هەموویان لە لاباڵی حکومەتی ئێستاو حزبی فەرمانڕەوا پەیدابوونەو بە ئاشکرا ئەم راستییە دەسەلمێنن، زۆر جاریش ئابووریناسان بە راستی باس لە نەبوونی ستراتیژییەتێکی پەرەپێدان و نەبوونی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەم دەستنیشان کردنەش دروستە، بەڵام ئەوەی لەم شتەدا دیار نییە ئەوەیە کە ئەم نەبوونی ستراتیژییەتی پەرەپێدان و سیاسەتە ئابوورییە بۆچی؟ من هەست بە بوونیان دەکەم، بەڵام نەك بە ئاڕاستە دروستەکەی بەڵکو ئەو دوو شتە خۆیان لە بەرنامەیەکی بە ئەنقەستدا بەرجەستە دەکەن کە بەتایبەتیش هەر لە یەکەم کابینەی حوکمڕانی نوری مالکی پەیڕەوکراو تا ئێستاش بەردەوامە، کە مەبەستیان دوورخستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگایە لە رێبازە دروستەکەیان، ئەم واقیعەش سروشتی چینایەتیی تاقمی حوکمڕان و ئەو هێزانە ئاشکرادەکات کە لە پشتیانەوەیەو پشتگیرییان دەکەن.

بایەخدانی تەواو بە کەرتی نەوت خۆشییەك یان هەڵەیەك نییە کە لە ئێستادا ئەنجامدەدرێت بە هۆی کەمتەرخەمییەوە کە بەدرێژایی دەیەکانی کۆتایی تووشی ئەم کەرتە هاتووە، بەڵام هەڵەکە لەو رەفتارەدایە کە لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە مامەڵەی پێدەکرێت، هەروەها ئەو فراوانبوونە ناستراتیژیی و بێ بەرنامەیەی گیراوەتەبەر بۆ قەبارەو ناوەڕۆکی گرێبەستە نەوتییەکان کە لەمەودای نزیك و دووردا خزمەتی سەرتاپای عێراق بکات، هەروەها لەو کەمتەرخەمییە بە ئەنقەستەی پیشەسازییەکانی گۆڕین و پەرەپێدان و تازەکردنەوەو هەمەجۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە گشتیی و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا. بەشێوەیەکی تایبەتیش کارەباو ئاو و نیشتەجیبوون و گواستنەوەی گشتی و پەروەردەو تەندروستی.. تاد، ئەمانەن کە ئابووریی عێراق بە پاشکەوتوو دەهێڵنەوە، هەروەها پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەستە بە ئابووری دەرەوە بەشێوەیەکی گشتی، کە تەنیا دواکەوتوویی و پاشکۆیەتیی لێدەکەوێتەوە و قەبارەی بێکاری و هەڵاوسانی ناتەندروستی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت زیاتردەکات کە لەلای خۆیانەوە داهاتێکی زۆری نەتەوەیی بەکاردەبەن، بەڵام توێژێك دێنێتە ئاراوە کە لە داهاتیاندا پشت بە دەوڵەت دەبەستن و بە فەرمانی ئەو دەجووڵێنەوە، ئەمەش ئەو ئەڵقە بۆشەیە کە پێشترو ئێستاش لە ئارادایە بە کاریگەریی سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە.

ئەو سیمایەی کە لەوەتەی دەیەکاندا لە عێراق سەری هەڵداوەو بە درێژایی کاتیش زیاتر پەرەی سەند و بوو بە سیستەمێکی باو لە واقیعی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی ئێستا، کە ئەمڕۆ حاڵەتێکی گشتی و سەرتاسەری و قووڵ بەرجەستەدەکەن و پەیوەستە بە جموجۆڵێکی دڕندانەی بەهێز و فراوان و فرەسەری مافیایی، کە وەك شێرپەنجە بەربۆتە جەستەی دەوڵەت و کۆمەڵگا، گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی تەنیا سامانی گشتی و پارەی دەوڵەت بەهەدەرنابەن، بەڵکو حاڵەتێکی تیرۆر دەچەسپێنن و وڵات بەرەو ئاژاوەو بێ سەروبەری و ململانێ دەبەن.

خوێندنەوەی بابەتییانەی واقیعی ئابووریی عێراق و سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆمان دەردەخات کە گومانی تێدانییە بەشێکی بنەڕەتی و زۆرینەی ئەو تاقمە حوکمڕانییەی ئێستا لە توێژێکی کۆمەڵایەتیی پەراوێزخراوەوە هاتوون، یان ئەوەی بە(توێژی دارزاو) ناودەبرێن، جا چ ئەوانەی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتن یان لە هێزی چەکداردا، ئەوانە هەوڵدەدەن وەك پشیلە خۆیان قەڵەو بکەن و سامانی دەوڵەت لە رەگەوە بە هەدەر ببەن، ئەویش بە شێوازی مافیایی و بە شێوازی بەرتیل و تاڵان و بڕۆی ئاشکرا، ئەم بەشە کاریگەرو یەکلاکەرەوەی حوکمڕان کاری حکومەت دیاردەخات و رەفتارێکی تایبەتیی پێ دەبەخشێت بەوەی دەبێتە هۆی زیاتر بووژاندنەوەی ئەو تاقمانەی کە بە خۆژیێن دەناسرێن، جا چ بە رێگەی پارە پەیداکردن بێت لە خانووبەرەو دارایی یان لە بەڵێندەرایەتی یان لەو گرێبەستە نەوتییانە و لە چەك و بازرگانی و بوارەکانی دیکەی ئابووریدا. لەپاڵ ئەمەشدا پەیوەندی و هەڵسوکەوتە عەشائیرییەکان کە لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا ناگونجێ، لەهەمان کاتیشدا پشتبەستن بە پیاوانی ئایینی و دامەزراوە ئایینییەکان بە شێوەیەکی گشتی، چونکە بەم ناوە رەفتاری تایفەگەری ئەنجام دەدەن و هەر بە ناوی ئەوەوەش وەك مافیا لە وڵاتدا لەجموجۆڵدان.

رەوشی ئێستا تێکچڕژانێکی سەیر دەخاتەڕوو، بەڵام بەراستی هەیەو لە مەودایەکی نزیکدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بژاردەی حوکمڕان لەو توێژە داهێزراوە دەکات کە ئێستا لە نیعمەتێکی تازەدا دەژین و باکیان بە پەرەپێدان و پەرەسەندنی ئابووریی نیشتمانی و کۆمەڵگەی مەدەنی نییە، بەڵکو تەنیا خەمیان لەوەدایە سامانەکانیان لە ماڵی حەرام زیادبکەن و حیسابەکانیان لە بانکەکان لەسەر حیسابی ئابووریی وڵات و قووتی میللەت کەڵەکە بکەن، هەروەها بەوەی کە بتوانن پارێزگاریی لەو رەوشەی ئێستا بکەن کە زیاتر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت سامان و دارایی دەوڵەت بەتاڵان بەرن.

**گەندەڵیی دارایی و کارگێڕیی تەنیا سامانی گشتی و پارەی دەوڵەت بەهەدەرنابەن، بەڵکو حاڵەتێکی تیرۆر دەچەسپێنن و وڵات بەرەو ئاژاوەو بێ سەروبەری و ململانێ دەبەن**

**پێکهاتەی حوکمڕانیی تایفیی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای پشکایەتییە کە بە خواستی ئیدارەی ئەمریکایەو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو لە عێراق و هەردوو ناوچەی کەنداوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگونجێت**

**جیاکردنەوەی نێوان سیاسەت و ئابووری خەونێکی ئەو خەیاڵییانەیە کە خزمەت تەنیا بەو تاقمە حوکمڕانە دەکات کە هەوڵدەدات ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگادا بچەسپێنێت**

**کاتێ چاودێر لە بودجەی ئاسایی دەوڵەتی عێراق دەکۆڵێتەوە دەبینێت کە ئاراستەنەکراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاو لابردنی ئەو بارودۆخە کەڵەکەبووەی لە پێشانەوە ماوەتەوەو ئەوەی کە لە دەیەی یەکەم و ساڵانی یەکەمی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم هاتۆتە ئاراوە**

**سەرکردایەتیی بەعس و حوکمڕانیی بەعس نموونەیەکی ئەم توێژە بوو کە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ وڵاتی دووچاری مەینەتی کرد کە بەسەدان هەزار کەس لە خەڵکی عێراق تێیدا لەناوچوون**

بەڵام ئەم ڕێگە خواروخێچە بۆشایی لە نێوان گەلدا فراوانتر دەکات، بەتایبەتیش لەنێوان زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە چەوساوەو زەحمەتکێش و هەژارەو لەنێوان توێژی حوکمڕان و ئەو هێزانەی پشتگیریان دەکەن و پاڵپشتیی لە سیاسەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەکەن، ئەو ڕێگە چەوتە زیاتر ململانێی نێوانیان قووڵ دەکاتەوە کە وا لەو حوکمڕانانە دەکات تاکڕەو بن و یاسای سەرکووتکەرانە پەیڕەوبکەن و حاڵەتی نائاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەل رابگەیەنن، ئەمەش کاردەکات بۆ نزیککردنەوەی کۆتایی سیستەمی ئێستای سیاسی کە لەسەر بنەمای تایفەگەری و نەبوونی پرەنسیبی هاووڵاتیبوون دامەزراوە.

عێراق لە سەردەمی حوکمی بەعس و قەومییەکاندا کە لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکرد کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەو تاقمە پەڕپووتە بە هەموو قڕێژو پیسییەکانییەوە، هەروەها بەو هەموو دەرئەنجامانەی بەسەرکۆمەڵگە و ئابووریی نیشتمانی و ئاییندەی نەوەکانی عێراق کەوتەوە. بوونی ئەو تاقمە لە دەیەکانی دواتردا لەژێر دەسەڵاتی قەومییەکان و دواتریش بەعسییەکان هەر درێژەی هەبوو، بە تایبەتیش لە ناوەڕاستی دەیەی نۆیەمی سەدەی رابردوودا، هاوکات لەگەڵ ئاسەوارەکانی شەڕوشۆڕو گەمارۆی ئابووری و سیاسەتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەل بنکەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە پەراوێزخراوە فراوانتر بوو، سەرکردایەتیی بەعس و حوکمڕانیی بەعس نموونەیەکی ئەم توێژە بوو کە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ وڵاتی دووچاری مەینەتی کرد کە بەسەدان هەزار کەس لە خەڵکی عێراق تێیدا لەناوچوون، بەڵام ئەو تاقمە لەگەڵ رووخانی دیکتاتۆریەتی بەعس گەورەترین گورزی پێکەوت، کەچی بە زەبری هێز شوێنیان بۆ ئەو تاقمە هەرەسهێناوە چۆڵکرد، بەڵام بە سەرکردەو کادیر و حزبی دیکە حوکمی وڵات دەکەن و بە هەمان هزرو بیری پووچەڵی پێشوو، ئەوان توانیان دەست بگرن بەسەر دامودەزگاکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دادوەریدا، بە هەمان ڕێچکەی سەرکوتکارانەی پێش خۆیان حوکمڕانیی دەکەن و لەوەتەی ٢٠٠٣وە بە پشتگیریی کۆشکی سپی و جۆرج بۆش و پۆڵ برێمەر ئەم سیاسەتە پەیڕەودەکەن.

ئەم تاقمە تازە نین بەڵکو لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدابوون دژ بە رژێمی پێشوو، ئەوان بوون کە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی لەوەتەی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لە بەیروت ڕێککەوتن کە حوکم وەربگرن بە پاساوی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانن لە رووی ئایینی و دواتر مەزهەبییەوە، ئینجا زۆرینەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەم شێوەیەی تایفەگەری و ئیتنییەوە ئیشەکەیان یەکلایی کردەوە لە پێکهاتەی سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆندا، پێکهاتەی حوکمڕانیی تایفیی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای پشکایەتییە کە بە خواستی ئیدارەی ئەمریکایەو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو لە عێراق و هەردوو ناوچەی کەنداوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگونجێت.

توێژی پەڕپووتی حوکمڕان لە عێراقدا پەیوەندیی بە بەرهەمیی مادییەوە نییەو تەنانەت تا ئێستا خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش نییە، بەڵام دەستیان گرتووە بەسەر ئابووریی نیشتمانی لە پێگەکانی دەوڵەت و حوکمڕانیدا و لە ڕێی ئەو حزبە سیاسییانەی ئێستا کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و حوکمڕانیی دەکەن. بە تایبەتیش دەستیان بەسەر سامانی وڵات و نەوتی خاودا گرتووە کە ٩٧٪ی هەناردەی عێراق پێکدەهێنێت، ئەم سامانە بەدەست ئەو تاقمە کۆمەڵایەتییە هەرەسهێناوەوەیە کە سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی ناوچەکە بەکار دێنێت و بەدوور لە بەرژەوەندیی عێراقییەکان و ئابووریی نیشتمانی، بە تایبەتیش بەکارهێنانی وزە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی وڵات و وزەی کارەباو پاککردنەوەی شارو بنیادنان و خزمەتگوزارییەکاندا، ئەوانە تاقمێکی تاڵانچیی سامانی نیشتمانین و لەسایەی ئەواندا وڵات نوقمی گەندەڵی و هەژاری وماڵوێرانی و کوێربوونەوەی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بووە، بەراستی داهێزرانێکە کە سەرتاسەری شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە، لەمەش خراپتر ئەو تیرۆرە خوێناوییەی کە لە سەرچاوە فیکری و سیاسییەکانەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە من لێرەدا لەگەڵ شرۆڤەکردنەکەی دکتۆر فارس کەمال نەزمی هاوڕام سەبارەت بە واقیعی شاری عێراقی و ئەو توێژانەی لەپشت ئەو داڕووخانەن، هەروەها ئەو کاریگەری و ئەنجامانەی بەسەر عێراقدا دێن و ئاییندەی گەل و کلتووری کۆمەڵگەو هونەرە مرۆییەکەی لەکەداردەکەن، لە هەموو شارە بچووك و گەورەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵات کە حکومەتی فیدراڵ لێی بەرپرسیارە، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی کوردستان کە رۆژ لە دوای ڕۆژ خۆیان لەو داڕووخان و کاولییەی سەردەمی رژێمەکانی پێشوو رزگاردەکەن و لە ئێستادا بەرەو پێش دەچن. ئەو تاقمە داڕزاوەی عێراق لە دەرەوەی وڵاتدا حیسابی بانکیان کردۆتەوە و لەسەر شان و باڵی میللەت خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، ئەو تاقمە داهێزراوە نیشتمان ناناسن تەنانەت ئەو ئایینەش کە هەر بە رووکەش ئاماژەی پێدەکەن یان سەر بەو مەزهەب و تایفەن کە بە درۆ گوایە بەرگری لێدەکەن، چونکە بەرژەوەندیی هەر تاکێك لەوانە مەبەستی سەرەکییە، ئەوە هۆکارو ئامانجە، دەسەڵاتێکە بە هەموو مانایەکی دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵات و پارەو سامان و دابڕانی هزرو حزب و کەسانی دیکە، بۆیە ئەگەر بتوانن بێ خەڵکەکە حکومڕانیی بکەن ئەوا دەمێك بوو لەناویان دەبردن، چونکە سەیر نییە کە عێراق دوای دە ساڵ لە ململانێ و کاولکاری و کوشتن و ماڵوێرانی و دەسەڵاتی کلتووری رەش، بەم شێوەیە بژی، ئا ئەمەیە راستییەکە کە ناکرێ پشتگوێ بخرێت و رەوشی عێراقیش هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە مادام ئەو تاقمە پەڕپووتە جڵەوی حوکمی وڵاتیان بە دەستەوە بێت.

# گەڕەکی جولەکان لە قاهیرە

ڕەمەزانی ڕابردوو چەند کەناڵێکی سەتەلایتی جیهانی عەرەب، درامای گەڕەکی جولەکانیان نمایش کرد کە ژیانی میسرییەکان لەکۆتایی ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەگێڕێتەوەو زۆرتر بایەخی بە ژیانی یەکێ لەگەڕەکەکانی جولەکە داوە لەقاهیرە کە بەگەڕەکی جولەکان ناسراوە. ئەم جۆرە گەڕەکانە لە ژمارەیەك وڵاتی ڕۆژهەڵات باو بوون لەوانە کوردستان. هەر لەم سەروبەندەدا لە سلێمانیدا تا ئێستا گەڕەکێك بەناوی گەڕەگی جولەکانەوە هەیە، هەروەها لە هەولێر گەڕەکی تەعجیل گەڕەکێکی جولەکەنشین بوو. لە بادینانیش جولەکە گوندی تایبەت بەخۆیان هەبوو.

«گەڕەکی جولەکان» ی میسر درامایەکی سەرنجڕاکێشە کە کەمترین شۆڤێنیزمی تێدا دەبینرێ. بە بەراورد لەگەڵ درامای «ڕەئفەت هەججان»ی ساڵانی هەشتاکان، «گەڕەکی جولەکان» مرۆڤدۆستانەترو واقیعیتر مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکاندا دەکا. لە «ڕەئفەت هەججان» دا شۆڤێنیزم و ڕقو قین خۆی لەناو گرتەو دایەلۆگەکەکاندا شاردۆتەوەو لە ئەڵقە بەراییەکاندا جولەکەکان وەك «خۆ فرۆش» و «خۆپەرست» و «سپڵە» و «خۆبەزلزان» دەردەکەون. بەڵام لە «گەڕەکی جولەکان» دا جولەکە میسرییەکان کە مێژووی نیشتەجێ بوونیان لەمیسر بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڕێزەوە نمایش دەکرێن. ئەگەرچی وەك کەسانێکی دیندار بە بینەر دەناسێنرێن، بەڵام ڕقیان لەئیسلام و موسڵمانان نییە و خۆیان لەگەڵ ژیانی میسرییەکاندا گونجاندووە.

پاڵەوانی دراماکە (ئەیاد نەسارە) کەئەکتەرێکی ئوردونیی بە ڕەچەڵەك فەلەستینییەو باپیری لە چلەکاندا بەخاو و خێزانەوە بەهۆی شەڕەوە وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووەو لەئوردون گیرساوەتەوە. نەسارە سەرەڕای ئەوەی کە بە ڕەچەڵەك فەلەستینییە، لەدراماکەدا نەك هەر هیچ سوکایەتی بەجولەکە ناکا، بەڵکو کەوتۆتە داوی ئەڤینی کچێکی شۆخی جولەکە بەناوی لەیلا کە لەدراماکەدا مننە شەلەبی ڕۆڵەکەی دەبینێ.

هەرچەند دراماکە دژی زایۆنیزمەو پێی وایە زایۆنیزم بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم پێکەوە ژیانی عەرەب و جولەکەدا دروست کردووە، بەڵام دراماکە زۆر سەرکەوتوو بووە لەجیاکردنەوەی جولەکەو زایۆنیزم. لەهەشتاکاندا، لەنمونەکەی «ڕەئفەت هەججان»دا جولەکایەتی و زایۆنیزم تێکەڵاوی یەکتر کراون و هەموو جووەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە «زایۆنیست» دراونەتە قەڵەم، بەڵام لە «گەڕەکی جولەکان» دا زۆر بەچاکی مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکی ڕۆشن کراوە ئەویش ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو جولەکەیەك زایۆنیست بێ.

دراماکە کە میسرییەکان و عەرەبەکانی داچڵەکاندووە، ڕەنگدانەوەی چەشنە لێبوردەییەکە خەریکە ناوچەکە دەتەنێتەوەو تێیدا بەچاوی سوك سەیری گەلە بچوکەکان ناکرێ. ئەم درامایە نیشانی دەدا کە نەوەی سەدەی بیست و یەك هەمان بیرکردنەوەی نەوەکانی سەدەی بیستەمی نییەو خەریکە ئەو بۆچوونە لایەنگری زۆر دەبێ کەمرۆڤ مرۆڤە هەر چییەك بێ ڕەگەزو نژادو ئاین و تایفەکەی. «گەڕەکی جولەکان» لەکاتێکدا نمایش دەکرێ کەتێیدا ناوچەکە دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی بەخۆیەوە دیوە کە داعشە. ئەم ڕێکخراوە «کوشتن» بەڕێوشوێنێك بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی هۆمۆجینی یەکڕەنگ بەکاردێنێ کە تاکەکانی یەك ئاین و یەك مەزهەب و یەك بیرکردنەوەیان هەیە.

«گەڕەکی جولەکان» بە پێچەوانەی زۆر درامای ترەوە کەلتوری ئاشتی و پێکەوە ژیان و تەبایی بڵاودەکاتەوە، کەلتورێك کە هیچ کات ناوچەکەمان بەقەد ئێستا پێویستی پێ نەبووەو بەدڵنیاییەوە ئەم کەلتورە لەساڵانی داهاتوودا دەرفەتێکی گونجاوتری بۆ بڵاوبونەوەو جێگیربوون بۆ دەڕەخسێ.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت



## تۆفیق یاسری شارەزای سەربازیی عێراقی بۆ گوڵان:

# خەریکە سەرکەوتن و پێشڕەوییەکانی سوپای عێراق سنووردار دەبێت



**لە ئێستادا چەقی شەڕی دژ بە تیرۆریستی داعش زیاتر کەوتۆتە دەڤەری ئەنبارو بیابانی رۆژئاوا و ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازیش لەو ناوچانەدا درێژەیان هەیە، هێزەکانی سەربازی و حەشدی شەعبیش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی رەمادی و شارۆچکەکانی دیکە و رزگارکردنیان لەدەست داعش بەردەوام لە پێشڕەویدان، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە رەوشی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی لەو ناوچانە، گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ فەریق روکن تۆفیق یاسری شارەزای سەربازی و بریکاری پێشووتری وەزارەتی ناوخۆی عێراق سازدا و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەگشتی رەوشی سەربازی لەسەر زەوی لە ناوچەكانی رۆژئاوا لە رووی شەڕو كوشتارەوە چۆنە؟**

- بە گشتی لە ناوچەی رۆژئاوا كەموكوڕیی و پێداویستییەكی زۆر هەبوو لە رووی چەكداران و چەك و تەقەمەنی و پلان و بەرنامەی شەڕ، بەڵام دوای هەوڵ و كۆششێكی زۆرو بەشدارپێكردنی ژمارەیەكی زۆری گەنج و لاوانی عەشیرەتەكانی دەڤەرەكەو زیادكردنی ژمارەی چەكدارانی حەشدی شەعبی، بۆیە دەبینین لە ئێستادا كێرڤەكە زیاتر لە بەرژەوەندیی چەكداراندایە نەك لە بەرژەوەندیی تیرۆریستانی داعش، واتا هێزە چەكدارەكان و هێزی حەشدی شەعبی و لاوانی عەشیرەتەكان توانیویانە جڵەوی كۆنترۆڵی ناوچەكە بگرنە دەست، بۆیە زۆر پێویستە كە ئاراستەی بەرنامەی شەڕەكە بە شێوەیەكی یەكگرتوو بێت، نەك بە جیاو هەر هێزێك لەلای خۆیەوە رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە، چونكە هەوڵەكان پەرت دەبن، راستە هەر هێزێك لەو هێزانە توانیویەتی سەركەوتن بەدەست بێنێت، بەڵام كاریگەریی و ئەنجامەكانی دوای ئەوە بە شێوەیەكی نێگەتیڤانە دەردەكەوێت، واتا ناكرێ هێزێك رووی لە شار یان شارۆچكەیەك بێت و پێشڕەوی بكات بێ ئەوەی دواتر نەزانێت هەنگاوی دیكە چییە، بۆیە زۆر پێویستە فەرمانەكان یەكبخرێن و سەنترالی بن، واتا لە سەركردایەتییەوە دەرچن، گرفتێكی دیكەش ئەوەیە كە زۆر جار دەستتێوەردان روو دەدات، سوپا لە لایەك هێرش دەكات یان حەشدی شەعبی پێشڕەوەی لە ناوچەیەك دەكات، ئەمە شپرزەیی و نیگەرانی دێنێتە ئاراوە، بۆیە سەركەوتنەكان پەرت دەبن و رەنگە ئەنجامی نەرێنی لێبكەوێتەوە، ئەمە وێڕای بەشداریكردنی هێزی دیكەی پشتیوانیی عەشایر كە بەم شێوەیە بێت رەنگە زیانی گیانی و ماددیشیان لێ بكەوێتەوە، جاران ئیش و چالاكیی سەربازی بەم شێوەیە نەبوو، هەر فەیلەق یان فیرقەیەكی سەربازی یان فەوجێك سنووری چالاكییەكانی بۆ دیاریكرابوو، هاوكات ژمارەی سەربازو چەكداران و تەقەمەنی و پێداویستییەكانی سەربازییان بۆ فەراهەمكرابوو، دەیانزانی سروشت و قەبارەی دوژمن لە بەرامبەری چۆنەو فەرمانەكانیش كە دەگەیشتنە لایان بە تەواوی جێبەجێ دەكران، بەڵام ئێستا رەوشەكە زۆر جیاوازو بێ سەروبەرەو بەمەش ئاستی سەركەوتن و پێشڕەویی خەریكە سنووردارەدەبێت، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ یان ئاسایشی ناوخۆ و نیشتمانی دەست لە پرۆسە سەربازییەكان وەردەدەن كە ئەمە ئیشی وەزارەتی بەرگرییە، نەك تەنانەت فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەكانیش بۆی نییە لەسەر ئەم ئاستە بەرپرسیارێتیی ئەم شەڕو پێكدادانە لەئەستۆبگرێت، لەبەر ئەوە دەبینین كە تا لە رووی دارایی و كارگێڕیی و چەكداریكردن و بەڕێوەبردنی ئیشوكارەكان جۆرە بێ سەروبەرییەك لە ئارادایە، هاوكات وڵات لە زۆر رووەوە دووچاری گرفت و كێشەی ناوخۆو داخوازییەكانی خەڵك و كاركردن بۆ دابینكردنی پەناگەو شوێن بۆ ئاوارەكان بۆتەوە بە تایبەتیش لەو ناوچانەی كە شەڕو كوشتاریان تێدا روودەدات. زەقترین كێشەش داخوازییەكانی شەقامە لە رووی نەبوونی كارەباو ئاوو ئاسایش و چۆنێتیی مامەڵەكردنی حكومەتە لەگەڵ ئەم كێشانە، بۆیە ئەم هەموو هۆكارانە تا رادەیەكی زۆر كاریگەرییان بۆ سەر پرۆسەی شەڕو رووبەڕووبوونەوەكە هەیە.

*** پێتان وا نییە كە ئۆپەراسیۆنەكان زۆر بە سستی و هێواشی بەڕێوەدەچن، بە تایبەتیش كە دەبینین تیرۆریستانی داعش زۆر بە خێرایی تكریت و موسڵ و ئەنبارو شارۆچكەكانیان داگیركرد، بەڵام فەرماندەیی گشتی هێزی چەكدار بەم شێوەیە رەفتار ناكات كە بە زووترین كات و بە خێرایی سەركەوتن لەم شەڕەدا بەدەست بێنێت؟**

- لە راستیدا بابەتەكە زۆر لەوە گەورەترو ئاڵۆزترە، نەبوونی سەنترالیەت و فەرمانی مەركەزی لە لایەن سەرووی خۆیانەوە بۆ سوپاو هێزەكان، ئەمە هۆكاری سەرەكییە لەو شكست و درەنگ بەدەستهێنانی سەركەوتن و پێشڕەوییەدا، پاشان ئەوەندە داعشیان گەورەكردو بایەخی پێدەدەن هەر لەگەڵ هاتنی هێزێكی داعش ئەگەر بچووكیش بێت ئەوا یەكسەر لە هەندێ شوێن وورەی هێزی سوپاو حەشدی شەعبی و چەكدارانی عەشایر دادەبەزێت و تەنانەت لە هەندێ شوێندا تانك و زرێپۆش و تەقەمەنیش بەجێ دێڵن و رادەكەن، هاوكات كەمیی ئاراستەكردن و رۆشنبیری و ئامۆژگاری و موحازەرە بۆ سەربازو بەرزكردنەوەی لایەنی باری دەروونیی سەربازو چەكداران ئەمانە هەموویان كاریگەرییان هەیە بۆ سەر ئاستی شكست یان سەركەوتن لە شەڕەكاندا.

*** قۆناغی داهاتوو چۆن دەبینن ئایا ژیانی ئاسایی بۆ ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، یان هەر وەك موسڵ و شوێنەكانی دیكە دەمێنێتەوە، بەڵكو تەنیا راونان و هێرشیان تێدا بەردەوام دەبێت؟**

- با بە راشكاوی پێت بڵێم، پرسی موسڵ زۆر گرنگە، ئەم پارێزگایە ئازاد ناكرێت، ئەگەر ئەنبارو بیابانی رۆژئاوا ئازادنەكرێت و داعش لەو شوێنانە دەرنەكرێت، دەبێ هێڵی پێوەندی و هاتوچۆی نێوان سووریاو

**هێزە چەكدارەكان توانیویانە جڵەوی كۆنترۆڵی ناوچەكە بگرنە دەست، بەڵام پێویستە كە ئاراستەی بەرنامەی شەڕەكەو فەرمانەكان یەكبخرێن و سەنترالی بن، واتا لە سەركردایەتییەوە دەرچن، نەك هەر هێزێك لەلای خۆیەوە رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە، چونكە ئەنجامەكان پەرت دەبن**

**رەوشەكە زۆر جیاوازو بێ سەروبەرەو بەمەش ئاستی سەركەوتن و پێشڕەویی خەریكە سنووردارەدەبێت، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ یان ئاسایشی ناوخۆ و نیشتمانی دەست لە پرۆسە سەربازییەكان وەردەدەن كە ئەمە ئیشی وەزارەتی بەرگرییە**



عێراق بە یەکجاری ببڕدرێت، ئەوجا دەکرێ باس لە ئازادکردنی موسڵ بکرێت، بەڵام سەیرە ناتوانرێت ئەو رێگە نێودەوڵەتییە کۆنترۆڵ بکرێت کە ئەگەر هەوڵ و پلانی تۆکمەی سەربازی هەبێت رەنگە بتوانرێت ئەو شادەمارە بەیەکجاری بپچڕێنرێت.

*** ئایا کە هێزی ئێستای داعش وەك هێزی یەکەم قۆناغەکانییەتی یان جیاوازە؟**


- گریمان ئەو داعشە لەدایکبووی دوێنێ بێت، بەڵام هەتا ئەگەر ئەمەش تەواو بێت رەنگە داعشێکی دیکەی بەدوادا بێت، چۆن بینیمان سەرەتا تالیبان و ئەلقاعیدە دروست بوون دواتر لە سوریا جەبهەی نوسرەو تاقمی دیکە هاتنەکایەوە، ئێستاش ئەو داعشە سەرەتا لە عێراق و سوریا بوون ئێستا لە یەمەن و لیبیاو میسرو تونس شوێنەکانی دیکەش سەریان هەڵداوەو بەهێز بوونە، نازانین ئەو داعشە چییە بەم شێوەو بەم خێراییە تەشەنەی کردووەو بەهێز بووە!.

*** لە ئێستادا مەترسیی ئەوە هەیە کە زۆریی چەکداران و ژمارەی سەرباز لە عێراق بەم شێوەیە فراوانەو بێ بەرنامەو پلانە کاریگەریی هەبێت بۆ سەر ئاییندەی ئەم شەڕەو دواتر ئاستی بەدیهێنانی سەرکەوتن؟**

- من لەو باوەڕەدام ئەو هەموو سەربازو چەکدارو چەك و تەقەمەنییە چارەنووسیان چۆن بێت، من گوێم لێبووە کە راوبۆچوونێك هەیە گوایە هێزەکانی حەشدی شەعبی دێنە نێو هێزەکانی چەکداریی عێراقییەوە، بەپێی هەموو شارەزایی و پسپۆڕییەك، رای دیکەش هەیە کە دەڵێت حەشدی شەعبی دەبێتە سوپایەکی یەدەگ، کە لە کاتی پێویستدا بانگ دەکرێن، ئێستا رکابەریی هەیە لە لێکدانەوە و جیاوازیش هەیە لە نێوان حەشدی شەعبی و حەشدی وەتەنی، کە حەشدی نیشتمانی بۆ ناوچەکانی باکوورو رۆژئاوا بێت، بەڵام حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور بێت، هەروەها ناوچەی رۆژئاوا داوا دەکات حەشدی وەتەنی لە رووی جموجۆڵ و کارگێڕی و دارایی بە تەواوی بە حکومەتی خۆجێیی ببەسترێتەوە، بەڵام لە نێو حکومەتی فیدراڵ و پەرلەمان دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەبێت ئەو هێزە سەر بە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان بێت، بەڵام من پێموایە ئەو کێشەیە جارێ لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەماندا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی رێگە چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا من بە چاکی دەزانم کە لە ئێستاوە پلانێکی ستراتیژی بۆ ئەم دۆسێیە دابنرێت، تا ئەو کاتەی ئۆپەراسیۆنەکان کۆتاییان دێت و رەنگە وای دابنێین کە داعش کۆتایی نەیەت، بەڵام هەر وەك ئاماژەم پێکرد پێویستە هەموو لایەنەکانی حکومی و سەربازی لە ئێستاوە پلانیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسێیە، نەك دواتر بە شێوەیەکی کتوپڕو لە ناکاو کارەکە ئاڵۆز بێت کە نەتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو ئەو کاتەش رەنگە عێراق بکەوێتە دۆخێکەوە کە هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت چارەنووسی بەکوێ دەگات.

**پرسی موسڵ زۆر گرنگە، ئەم پارێزگایە ئازاد ناکرێت، ئەگەر ئەنبارو بیابانی رۆژئاوا ئازاد نەکرێت و داعش لەو شوێنانە دەرنەکرێت، دەبێ هێڵی پەیوەندی و هاتوچۆی نێوان سوریا و عێراق بە یەکجاری ببڕدرێت**

# کاتێک گێلی و گەمژەیی دەبێتە فیکرو سەرتاپای فکریش دەتەنێتەوە!



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت


ئاسان نییە دەستنیشانی مانای وشە فەرەنسیەکەی (betise) بکەین، ئاسانیش نییە ئەو وشەیە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوازینەوە، ئەگەر ئەم وشەیە لە دەستەواژەیەکی کۆدا (les betises) بەکاربهێنرێت، تەنیا بەواتای گێلەگەمژەیی دەکەوێتەوە، بەڵام لە واژەی تاکدا، بەدەستپێکێك بۆ ئاژەڵێتی و غیابی زیرەکی دێت، بەواتا کاردانەوەی خۆڕسك و غەریزەیی دەگەیەنێت، رەنگە واژەی (البهامة) کە هەندێك پێشنیازی ئەوە دەکەن گونجاوتربێت بۆ گواستنەوەی واتاکەی، بە واتای گەمژەیی لەسنووری باڵاترین حاڵەتەکانی نەزانی و نەبوونی زانیاریدا بێتەوە، ئەمەش ئەو کارەیە کە پەروەردەو پێکهاتن بەسن بۆ ئەوەی بەرگریی لێبکەن. بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوونیشانی کتێبێکی (گۆستاف فلۆبیر)ەوە بەناوی (فەرهەنگی فکرە ئامادەکراوەکان)، ئەم کتێبەی کە بەئەنقەست خاوەنەکەی هەڵساوە بە کۆکردنەوەی دەستەواژە ئامادەکراوەکان، ئەو دەستەواژە ئامادەکراوانەی کە لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە، بەتایبەت لە دەوروبەری خۆیاندا تا هەر کەسێك بە شێوازی خۆبەزانازان لەهەمبەر کاروباری رۆژانە خۆی پێ هەڵبداتەوە، وەك وەرگرتنی ئیلهامێکیش لەم کتێبەوە (میلان کۆندیرا) هەوڵیدا بەواتا هاوچەرخەکەیی دەستنیشانی گەمژەیی بکات لەو بارەیەوە کۆندێرا نووسی ((نەفامی ناگەیەنێت بەڵکو ئەو نابیرکردنەوەیەیە کە بیرکردنەوەی ئامادە لەخۆدەگرێت)) بەڵام ئەم دیاریکردنەی کۆندێرا کە لەو دەستەواژەیەدا پوختی کردوونەتەوە، بەشێوەیەکە خۆی لەگێلی گەوهەری دۆزەکە داوە کاتێك دەستنیشانی گێلە گەمژەیی دەکات بەوەی نافیکرە تا ئاستێکی دیاریکراو تەبەڕای دەکات و هەموو مەترسییەکانی لەسەر لادەبات، ئەو مەترسیانەی کە (جان کوکتو) لە دواتردا زیاتر پەنچەی خستە سەری، کاتێك نووسی ((مەرگەساتی سەردەمەکەمان ئەوەیە گەمژێتی بووەتە فیکر، مەرگەساتی ئەم سەردەمەو مەرگەساتی گەمژەیی لەوەدا نین کە نافیکر بن بەڵکو لەوەدا خۆیان دەنوێنن کە نافیکرێك بن بۆ بیرکردنەوە، ئیتر چیتر ئەو نەفامێتیە نین کە لەڕێگای پەروەردەو فێرکردنەوە درکیان پێ بکرێت، ئەو بۆشاییە فیکرییەش نین کە بەکرانەوەیان بۆ پرسیارکردنێك پڕ بکرێنەوە، بەڵکو واخۆیان نمایش دەکەن کە فیکرن، بەڵکو هەموو فیکریشن)) لێرەوە تەنیا بە خودو هێزو رەگەکانی خۆیەوە دەوەستێت، بەتایبەتی کاتێك فیکرە ئامادەکراوەکان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی



راگەیاندن و پەخشکردنیان لە ژمارەدا زۆر زیاتر دەبن، لێرەوەیە کە بانگەوازەکەی نیچە، هەموو ئەو پاساوانە دەدۆزێتەوە کاتێك پەلکێشمان دەکات بۆ دەستەواژەی (بێزارو بۆژۆکردنی گێلایەتی و بەرەنگاربوونەوەی) ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانییە دەستەواژەی (پێویستبوونی لەناوبردن) بەکار ناهێنێت بۆی، چونکە درکی بەوە کردووە کە زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت گەمژێتی لەناو ببرێت، چونکە گەمژەیی و گێلێتی پاڵ بەمرۆڤی هاوچەرخەوە دەنێت کە خۆی ببەستێتەوە بەکاروباری سادەی رۆژانەوە، هەموو توانای دەخاتە گەڕ تاوەکو خۆی لەگەڵ ئەو کاروبارەدا بگونجێنێت، بەوشێوەیە لەهەموو موحافیزکارەکان میانڕەوتر دەردەچێت، بەپێی وتەزای کوندیرا.

کەواتە بەرەنگاربوونەوە تەنیا ئەوە نییە گەمژێتی بەهەڵە ببەیت و بیخەیتە سەر بیرکردنەوەی ڕاست و دروستی خۆیەوە، پێشتر وتمان کە بابەتی گەمژێتی لە ئەمڕۆدا نەبەستراوەتەوە بە هەڵەو راستیەوە، هەروەها نەبووەتە دۆزێکی نەفامێتی و ئەبەستیم، بەڵکو دۆزێکە بۆ ئەو نافیکرکردنەوەیەی کە خۆی بەفیکر دەزانێت، بەڵام ئەم نافیکرە ئەو هەڵەیە نییە کە هەمیشە بەرەنگاری ببینەوە، ئەوە نییە کە شەقامی میتۆد لەفیکر دوورخەینەوە. بەوشێوەیە بنەماکانی ئاڕاستەکردنی عەقڵ وەك (دیکارت) وای بۆ چووە دایبڕێژینەوە، تەنیا دامەزراندنی عەقڵ نییە لە پێگەیەکدا کە شوێنی خۆی نەبێت، کە تەنیا بەوە بوەستێنرێت بەپێی راستکراوەیەکی رەخنەیی راست بکرێتەوە کاتێك دەستنیشانی بواری بەکارهێنانی پرۆژەی عەقڵی دەکرێت وەك فەیلەسوف کۆنکیس بێرگ بانگەوازی بۆ کردووە، لەوانەیە ئەمە نەبێتە ئەو شتەش تەنانەت ڕای ئایدیۆلۆژی و ئاگامەندی پێچەوانەو سەرەومەقولاپ بەسێتی بۆ ئەوەی ریسوای بکات و دواتر نەیهێڵێت، ئەویش بەدۆزینەوەی ئەو میکانیزمانەی کە لەپشتەوەی بە شتبوونەوەیە، رەنگە فیکر لەم حاڵەتەدا نەمێنێتەوە، بەڵام میتۆدی بەرەنگاربوونەوەی گاڵتەئامێز جیددیەتی درۆکانی گێلەگەمژەیی ئاشکرا دەکات و دەیخاتە نیگەرانیی قووڵەوە، تا شتێك لەمتمانە بەخۆکردن و بەخۆنازیی لێ بزر بکات، جلوبەرگی ویقاری لێبکاتەوە، لەراستی و دروستی خۆی دەرپیەڕێنێت.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**





**محەمەد سەبیلا** بیرمەندی گەورەی جیهانی عەرەبی بۆ گوڵان:


# ڕەگ و ریشەی کەلتووری، هەردەم توندڕەوی و سەختگیری و زێدەڕۆیی لە جیهانی ئیسلامیدا دێنێتە بەرهەم




**سەربارى ئەوەى كورد لە هەموو قۆناغەكاندا ئەشك و زەحمەتییان كێشا، بەڵام جۆرێک لە گەڵاڵە بوونی نیشتمانی و نەتەوەییان هەیە**

















محەمەد سەبیلا بیرمەندی گەورەی مەغریبی و جیهانی عەرەبی، بایەخی سەرەکی داوە بە خوێندنەوەی فەلسەفیانە سەبارەت بە مۆدێرنیتەو دەوڵەتی مەدەنی و گوتاری ئاینی.. تاد، ئەم بیرمەندە گەورەیە لەهەموو پرسێکدا خاوەنی پێشبینی گەورەیەو بۆچوونەکانی لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی بایەخی گرنگی هەیەو لەسەر تەنگژەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و کەلتور و پرسی بە سیاسیکردنی ئایینی ئیسلام، پێشنیار و پرۆژەی واقیعیانەی هەیە و هەوڵی بۆ ئەوەیە فیکری نوێبوونەوە و دەسپێکی مۆدێرنە لەسەر بنەمای فیکری عەرەبی هاوچەرخ لە هەناوی کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا لەدایك بێت و چیدیکە رۆشنبیرانی عەرەبی و ئیسلامی، پاشکۆی فیکری رۆژئاوا نەبوون و پرۆژەکانیان بەشێوەیەکی نامۆ سەیر نەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر واقیعیی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ئاڵۆزی و ئاژاوەیەی هەموو وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بیرمەندی گەورەی عەرەبی ساز کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.






**گوڵان:** ئەگەر سەرەتا لەو پرسیارە سادەیەوە دەست پێبکەین ، ئایا محەمەد سەبیلا لە ئێستا چۆن باردۆخی وڵاتانی عەرەبی دەخوێنێتەوە و ئەم واقیعە چۆن دەبینێت؟

**محەمەد سەبیلا:** جیهانی عەرەب بووەتە ناوچەیەکی گڕگرتوو، فاکتەری نوێ تێیدا کەوتووەتە گەڕ. هەندێ لەو فاکتەرانە لە پای ئەوەن، کە ناوچەیەکی ناوەندییەو شوێنی چەقی جیهانی داگیر کردووە، هەندێ لەو فاکتەرانەش پەیوەستن بە هەبوونی چەندین کەلێن لە نێو سەدەی رابردوودا، بڕێکی بۆ بایەخی کەلتووری و سیاسیانەی ناوچەکە و هەندێکی بۆ رەگ و ریشەی قووڵی دەڤەرەکە دەگەڕێتەوە. رەگ و ریشەی هزری کە وەك تۆپەڵە بەفر غلۆر بووەوە، هێدی هێدی گڕی گرت، پێش هەمووشیان هزری تەکفیری یان تەحریمی یان خەواریج، هزرێکە تژی لە توندوتیژیی ئایینی. ئەو هزرە وردە وردە غلۆر بووەوە تا بوو بە گرفتێکی زەبەلاح، یان بۆ عەرەب و بۆ جیهان بوو بە کێشەیەکی گەورە. ئەمەش لە چوارچێوەی مەترسیی دیکەی هەرێمی یان دڕك و داڵی دی، وەك رۆڵی دووسەرەی تورکیا، وەك دەوڵەتێکی عەلمانی لە پەیمانی ئەتڵەسی، بەڵام لە هەمان کاتدا پشتیوانی لەو بژاردانەش دەکات، هەروەها رۆڵی روو لە گەشە یان دڕك و داڵی گەشە کردووی ئێران، کە دەوڵەتێکە لەگەڵ عێراقدا شەڕی نایەوە، کەچی توانیی هەستێتەوە سەر پێ و عێراق و ناوچەکەشی کۆنترۆڵ کرد، لەوانە لوبنان و یەمەن و هەندێ پەناوپێچی دی. خۆ رەنگە یەکێك لە جەمسەرەکانی پشێوی خودی عێراق بێت، کە کۆمەڵێ هێز گەلەکۆمەکییان لێ کردووە، لەوانە ئەو هێزانەی هەرێمی کە ئاماژەم پێ کردن، هەروەها هەندێ لایەن و قەوارەش کە ئارەزوو دەکەن رزگار بن و هەندێکیان پارێزراون، لە پاڵ هەندێ هێزی شەڕەنگێز کە لێی لە بۆسەدان، لە پای گەلێ فاکتەری جۆربەجۆر، لەوانەش لە سەدەی رابردوودا گیرۆدەی دیکتاتۆریەت بووبوو، کە هەموو هێزەیلی جیهانی بە دەوری ئەودا کۆکردەوە.

**گوڵان:** ئێوە باسی هزری توندڕەوی ئیسلامیتان کرد، بە رای تۆ ئایا ئەم رەوشە پێویستی بە چاکسازی هەیە یان شتێکی دی؟

**محەمەد سەبیلا:** ئەمە شتێکی تازە نییە، رەگ و ریشەکەی بۆ سەدری ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆ کوشتنی خەلیفەکان و شتی دیکەش دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرەو رەوشێکی دی غلۆر بووەوە. واتە قۆناغی جیاجیای سستی و داڕووخان لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، هەورەها داتەپینی زانستی و چینایەتیش هەیە، دەتوانین بڵێین قۆناغی تەپین و سستییە. پاشان لە سەرەتای سەدەی رابردوودا بزووتنەوەی توندڕەو پەیدا بوون، کە زادەی ئەوەن کە پێی دەڵێین رووخانی خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانی. لە سەرەتای سەدەکەش بزووتنەوەی وەهابی و ئیخوان و هەندێ گرووپی توندڕەوی لایەنگرو پشتیوانی خەواریج دروست بوون، بە تێپەڕین بە هزری (ئیبن تەیمییە) کە لە بەشێکیدا هزرێکی (ئیجتیهادی) یە، بەڵام بە دیوێکیشدا هزرێکی (جیهادی)یە. پاشان ئەو بیرۆکانە پەرەیان سەند و رەنگە بوونە مایەی دروست بوونی حاڵەتی ئامادە کردن و بەڕێ کردنی شەڕوانانی ئیسلامی (جیهادی). سەرەتا وەك قۆناغی یەکەم، لە ئەفغانستان بۆ شەڕی دژ بە داکشانی کۆمۆنیزم لە ئەفغانستاندا دروست بوون. لە قۆناغێکی دیکەشدا لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا پتەوتر بوون، کە بووە مایەی بەهێز بوونی رەوتگەلی توندڕەوی ئیسلامی و بوو بە چاوگێك بۆ ئەوان. قۆناغی سێیەمیش لەگەڵ داگیرکردنی عێراق دەست پێ دەکات. هەر دەبێ ئاماژە بە رژێمی پێشووی عێراقیش بکەین، کە سوپای پڕچەك کردو (الله أکبر)ی خستە سەر ئاڵای عێراق، سەرباری داگیرکردنی عێراق و کۆنترۆڵ کردنی رابوونی شیعە لەو وڵاتەدا لە لایەن ئێرانەوە. چرکەساتێکی دی چرکەساتی گەڵاڵە بوونی رەوتگەلی توندڕەوە لە میسر. بە داخەوە باڵێکی ئیخوان رووی کردە پیادە کردنی هزری سەید قوتب، لەگەڵ پەیدا بوونی توندڕەوی لە هزری حەسەن بەننا، بە تایبەتی سیاسەتی ئەو، کە رووی کردە رێکخستنی هزریی توندڕەوی لە سەرەتای سەدەی رابردوودا. ئەمانە هەموو فاکتەر بوون، هەندێکیان سەرەکی و هەندێکیان لاوەکی بوون، بەڵام گەرایەك لە هزر و کەلتووری ئیسلامیدا هەیە، کە گۆڕا بە بنیاتێکی هزریانەی توندڕەو یان رەنگە بنیاتێکی رەق، کە هەندێ فاکتەری لە پشتە. دەکرێ بڵێین کارەکە زەحمەتە، کە پێوەندیی بە دنیای هزرەوە هەیە و لە لایەن هەندێ رژێمی توندڕەویشەوە پشتیوانیی لێ کرا، رەنگە ئەو رژێمانە بە سامان و دارایی نەوت خزمەتیان کرد بێت، یان ئەوەی پێی دەڵێن خوان و سفرەی پترۆل، کە ئەم بیرۆکانە بە شێوەیەکی فراوان گەشەیان پێداو پارەداریان کرد. ئیدی لە لایەکەوە بنیاتی هزریی ئامادەو لە سەر پێ هەیە، کە کەلتووری عەرەبی پێ گەیشتووە، لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی وەبەرهێنان و هەواڵگرییانەش هەیە، کە لە قۆناغی یەکەمدا دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، لە قۆناغی دووەمیشدا بە سەر خودی جیهانی ئیسلامیدا رەنگدانەوەی هەبوو. ئەم توندوتیژییە بە لایەکدا رووی

**بەهاری عەرەبی لە لایەن ئیسلامی توندڕەووەوە قۆرخ کرا، وەک ئیخوانی موسلمین لە میسر، هەڵبەت میسری ئەمڕۆ توانیی خۆی رزگار بکات، بەڵام دەوڵەتانی دی کەوتنە نێو ئەو تەڵە و داوەوە. کەواتە فاکتەری دەرەکی هاتە نێوییەوە**

**بە داخەوە باڵێکی ئیخوان رووی کردە پیادە کردنی هزری سەید قوتب، لەگەڵ پەیدا بوونی توندڕەوی لە هزری حەسەن بەننا، بە تایبەتی سیاسەتی ئەو، کە رووی کردە رێکخستنی هزریی توندڕەوی لە سەرەتای سەدەی رابردوودا**

**لە واقیعدا وێنەیەکی واقیعی هەیە روونی دەکاتەوە، کە جیهانی ئیسلامی جیهانێکی نزم و داوکەوتووی داتەپیوی بەرحوکمە، هەرچەندە ئەو دەیەوێ بە باڵادەستیی هزری و رۆحی قەرەبووی ئەو داتەپینە هزری و سیاسی و ئابوورییە بکاتەوە**

**لە لایەكەوە بنیاتی هزریی ئامادەو لە سەر پێ هەیە، كە كەلتووری عەرەبی پێی گەیشتووە، لە لایەكی دیكەشەوە هەوڵی وەبەرهێنان و هەواڵگرییانەش هەیە، كە لە قۆناغی یەكەمدا دژ بە یەكێتیی سۆڤیەت بوو، لە قۆناغی دووەمیشدا بە سەر خودی جیهانی ئیسلامیدا رەنگدانەوەی هەبوو**

**كۆمەڵگاكان بە پشتیوانیی رایەڵی سیاسی بە دەوری یەكدا كۆ دەبنەوە، وێڕای هەبوونی هەندێ رواڵەتی ئابووری یان تەكنیك، یاخود پەیڕەو كردنی هەندێ تەكنیكی نوێ، ئەمەیە قووڵایی ململانێییەكە**

**لە لایەكی دیكەشەوە ویستێك هەیە بۆ لەناو بردنی ئەو دەردە، جا چ لە رێی هاوپەیمانیی هەرێمییەوە بێت یان نێودەوڵەتی، یان هەوڵی سیاسیانە و ویستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بۆ لەناو بردنی تیرۆری توندڕەو بە ناوی ئایینەوە**

كردە سیاسەتی رژێمەكان، بە لایەكی دیكەشدا بە دیوی هەواڵگرییانە یان پیلانگێڕانەیەوە گرێ دراوە. هەڵبەت ئەوەی تێیدا زەحمەتە ئەو لایەنەیە كە وابەستەی بنیاتی كەلتووریانەیەتی، كە لە بنیاتی بەرگریكارانەی دژ بە هەمەجۆر هێرشێكی كە لە رۆژاواوە دێت، چڕ دەبێتەوە، هەرچەندی هەست بكات كە لە رەوشێكی نزمدایە، گڕ و كڵپەكەی پتر تاو دەستێنێ، چونكە هاودژیی سەرەكی و جیاوازیی سەرەكی كە جیهانی ئیسلامی هەستی پێ دەكات، بریتییە لەو وێنەیەی كە كەلتوورەكەی خۆی لەبارەی خۆیەوە پێشكەشی دەكات، بەوەی كە جیهانێكی باڵادەست و بژاردەیە، بەڵام لە واقیعدا وێنەیەكی واقیعی هەیە روونی دەكاتەوە، كە جیهانی ئیسلامی جیهانێكی نزم و داوكەوتووی داتەپیوی بەرحوكمە، هەرچەندە ئەو دەیەوێ بە باڵادەستیی هزری و رۆحی قەرەبووی ئەو داتەپینە هزری و سیاسی و ئابوورییە بكاتەوە. هەموو ئەمانە فاكتەری توندڕەوانەن، پوختەكەیان ئەوەیە كە رووبەڕوو بوونەوەی ئەم رەوتگەلە سەخت و توندڕەوانەی، كە جیهانی ئیسلام و وێنەی ئایینی ئیسلامیان شێواندووە، چارەسەركردنیشی لە لایەكەوە پێویستی بە گوتاری سیاسی و هاوپەیمانی و هەنگاوی سەربازی هەیە، بەڵام پێم وایە رەگ و ریشەی كەلتووری، هەردەم توندڕەوی و سەختگیری و زێدەڕۆیی لە جیهانی ئیسلامیدا دێنێتە بەرهەم، ئەگەر هەنگاو هەنگاو ئەو بنیاتە هزرییە نەخرێتە بەر چاكسازییەوە و بكرێتە بنیاتێكی هزریی كراوە بەرەو رووی جیهانی نوێ، چونكە سەختیی گرفتەكە لەو هاودژییەدایە كە لە نێوانی كەلتووری كۆن و بە میرات ماوەی ئیسلامی و واقیعی جیهانی نوێدایە، ئەو جیهانەی كە خەسڵەتی گەشە كردن و پێشكەوتنی هەیە.

**گوڵان:** لەبارەی رۆشنگەریی هزری و چاكسازیی ئایینییەوە، (داعش) یان (قاعیدە) بانگی جیهاد یان داكۆكی كردن و قسە كردن بە ناوی ئیسلامەوە دەكەن، بەڵام ئاراستەی كار جیاوازە، لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**محەمەد سەبیلا:** هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هەرێمیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر هەیە، دووەم لە نێو بژاردەی رۆشنبیریی عەرەبیشدا هۆشیاری روو لە هەڵكشاندایە، هەروەها هەست كردن بەوەی كە ئەم مەترسییە لە دەرگامان دەدات و لە نێو ماڵی خۆشماندایە، لە نێو كراس و كەوای خۆماندا خۆی مەڵاس داوە. شەرم كردن لە ئاست ئەوەی هەست دەكەین ئەو توندڕەوییە زادەی ئایینە، بەرەنجامی لێكدانەوەیەكی دیاری كراوە بۆ ئایین. خۆ لە لایەكی دیكەشەوە ویستێك هەیە بۆ لەناو بردنی ئەو دەردە، جا چ لە رێی هاوپەیمانیی هەرێمییەوە بێت یان نێودەوڵەتی، یان هەوڵی سیاسیانە و ویستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بۆ لەناو بردنی تیرۆری توندڕەو بە ناوی ئایینەوە. هەڵبەت هاوشانی ئەوە لە جیهانی ئیسلامیدا وردە وردە گەشەیەكی خود هوشیاری هەیە، بەوەی لە نێو دووتوێی كەلتووری ئێمەدا شتێك هاتە بەرهەم، كە پێویستی بە پێداچوونەوەی خود و واز هێنان لەو كەلتوورە هەیە كە چووەتە سەر ملی جیهانی ئیسلامی، رووبەڕووی خود و شكۆی عەرەبی و ئیسلامی دەبێتەوە، هەروەها جۆش دانی وەهمی شڕ و شپڕێو كە دەبێتە واقیعی كەلتووری و هزری و هی دیكە، پاشان نزمیی ئەو واقیعە. هاوشانییەك لە نێوان ویستی سیاسی و هۆشیاریی كەلتووریانەی هەموو ئەو لایەنانەی ئایینیدا هەیە، كە خۆیان لە (داعش) بێبەری كردووە. ئەمەش گرەوێكی كەلتوورییە، بەڵام زادەی داكشانێكی كەلتوورییە بەرەو توندڕەوی و ئامادە نەبوونی بۆ رەخنە لە خۆ گرتن، هاوپەیمانییەكی جیهانییش هەیە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەم توندڕەوییە مەترسیدارە، پێشم وایە رووبەڕوو بوونەوەی پێویستی بە دەیان ساڵە، كە رەنگە درێژە بكێشێ. بۆ نموونە، چەپ و ماركسیزم لە سەدەی رابردوودا هێندە تەمەن درێژ نەبوون، هەروەها هاوپەیمانییەك هەبوو بۆ پێداچوونەوەی ماركسیزم وەك نموونەیەك بۆ تیرۆر، ئەو هاوپەیمانییە بەهێز و بە گوڕ و تین بوو. ئەو تیرۆرەی ئەمڕۆ بە ناوی ئیسلامەوە خۆی شاردووەتەوە تیرۆرێكی هەمیشەیی نییە و درێژە ناكێشێ، ئەویش بە پێی پلان و بەرنامە، مادام جۆرە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ كۆنترۆڵ كردنی رەگ و ریشەی كەلتووریانەی، هەروەها زیندوو كردنەوەی ئەو قسەیەی كە ئەم گرەوە زادەی كەلتووری خۆمانە، وێڕای ئەو هەموو مانۆڕە سیاسییەی كە دەڵێن چارەسەرەكەی سیاسییە. وێڕای هەموو ئەو شتانە دەكرێ بڵێین سەرەتا لەناو بردنی ئەو تیرۆرە لەوەدایە كە كەلتووری ئیسلامی بە خۆی و بۆچوونەكانیدا بچێتەوە.

**گوڵان:** وەك ئاشكرایە سعوودیە چاوگی وەهابیزمە، شەبابی سۆماڵ و قاعیدەش لە یەمەن و لیبیا و دەوڵەتانی دیكە و عێراقیش، جێگیر بوون، داعشیش ئێستا لە عێراقدا گرێژەنەی بەستووە و گەیشتووەتە لیبیا و سووریاش، هەڵبەت بە ناوی دیكەی وەم (بۆكۆ حەرام) لە ئەفریقا و شوێنانی دی. پێت وایە چاوگی هەموویان یەكە؟ واتە بنەگەی هزریی ئەو هەموو رێكخراوە یەكە، یان ئەوەتا ئامانجەكانی سیاسی و ئابوورین و بە ناوی ئیسلامەوەن؟

**محەمەد سەبیلا:** رەگ و ریشەكە یەكە، بنەگەی هاوبەشەكەش بنەگەیەكی كەلتوورییە، ئیسلامی



توندڕەو لە (ویلایەت)ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا بۆ ئەوەی گورز لە ئیسلامی سیاسی بوەشێنێ، بۆ ئەوەی ببێتە تێگەیشتنێکی سیاسیانەی کە لەگەڵ خەسڵەتی سیستەم و بوارەکاندا بگونجێت. وێڕای توندڕەوی، ئیسلامی میانڕەو وەك هەویرێك وایە کە منداڵ گەمەی پێ دەکەن، کە هەموو هەرێم و هەموو دەوڵەتێك دەتوانێ بە گوێرەی خۆی بیسازێنێ، هەڵبەت ئەو هەر بە رادیکاڵ و توندوتیژایەتیی خۆی و رەت کردنەوە دەوڵەتی نوێ و رێکخستنی نوێ و هزری نوێش، دەمێنێتەوە، هەڵبەت بە رەنگ و سیمای خۆجێ و ناوخۆییانە، بە ناوی فڵانە پارت و گرووپی فڵانەوە، یان جەخت کردنەوە لە سەر هەندێ پرسی ئابووری یان سیاسی، چونکە دەگۆڕێ بە ئیسلامێکی ئایدیۆلۆژی، ئیسلامێك قابیلی سازان بێ لەگەڵ رەوش و دەرهاویشتەی خۆجێ و ناوخۆ. هەر بۆیە نابێ لە بیرمان بچێ رەگ و ریشەکە یەکە، هەروەها بیری توندڕەویش یەکە، هەر لە خەواریجەوە بیگرە تا (تەیمییەناسی ) و (ئەبوو عەلا ) و (سەید قوتب) و گرووپگەلی توندڕەو لە میسر، کە بەو ئاڕاستەیەدا تیۆریزەیان کردووە، جاری واش هەیە فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە پشتە، هەروەها رۆڵی هزری ئایینی کاتێك دەبێتە ئایدۆلۆژیا، دەشتوانێ لەگەڵ ئەم رژێم و ئەو رژێمدا بسازێ، بۆیە من هەمیشە دەڵێم: ریشەکە یەکە، بەڵام رەنگ و رووی خۆجێ و ناوخۆ دەگرێت.

**گوڵان:** پێت وا نییە کە مەترسییەکی گەورە و گوناهێك دەکەوێتە ئەستۆی بیرمەندان، ئیسلامییەکان، دواندەران (خەتیبان)، پێشنوێژان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە رۆژاوا ئایینی لە سیاسەت دوور خستەوە، ئیدی پێشکەوتن و شارستانیەتیان بنیات نا. جیاوازییەکی گەورە لە نێوانی رۆژاوا و رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا هەیە، هەڵبەت ئێمە وەك جڤاكی موسڵمان لە ئایینی ئیسلامدا چاكسازیی ئایینیمان بەدی نەكردووە، بەڵام بەم دواییانە گەلێ پرس بەدی دەكەین، بۆ نموونە پەیـــدا بوونی داعش لە ناوچەكـــەدا، هەندێ لە لاوان دەترسن هاموشـــۆی مزگەوت بكەن، هەندێكیان كاتێ سەردانی وڵاتێكی ئەوروپا دەكەن، شەرم دایان دەگرێت بڵێن: من موســـڵمانم. ئاخۆ باری ئەو رەوشە دەكەوێتە ئەستۆی كێوە؟

**محەمەد ســـەبیلا:** راســـتە ئەم هزرە توندڕەوە لە لایەن گەلێ رژێمی سیاســـییەوە چاودێری كراوە و گەشەی پێ دراوە، بە هزر پشـــتیوانیی لێ كـــراوە و پارێزراوە. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێـــت. خاڵی دیكەش بنیاتی هزرییە كە لە كۆنەوە بە میرات ماوەتەوە، گەیشتە ئەو ئاكامەی كە هەڵوێســـتی داكۆكی كـــردن لە جیهانی ئیســـلامی بگرێتە ئەســـتۆ، ئەو جیهانەی خۆی ورد و خاش و تێكشـــكاو بینییەوە، بووە بە ناوكێكی رەق و پێی وا بوو، كە ئیسلام ئایین و دەوڵەتیشە، هەڵبەت بە جەخت كردنە ســـەر لایەنی سیاسی. دیارە جڤاكەكانی (كۆمەڵگاكانی ) عەرەب ناتوانن و شایستەیی هزریشیان نییە بۆ دەرچوون لـــەو بۆچوونە. دەبێ بڵێین، بنیاتی نەریتیانـــەی هزریش بنیاتێكی بەهێز و چەســـپاوە، لە تواناشـــدا نییە لێی دەربچین. بۆیـــە ئەو رژێمەی لە سیاســـییەی كە لە ناوەڕاستی ســـەدەی رابردوو پێیان گوترا پێشكەوتنخواز، نەیانتوانی بە شێوەیەكی بەشەكی ئەو گرفتە چارەســـەر بكەن، ئەویش رەنگە لەبەر ئەوە بێت، كە رەچاوی نموونەیەكی نێودەوڵەتییان كردووە كە (یەكێتیی ســـۆڤیەت) بوو. لە گۆشەیەكی دیكەشەوە، لە ئاستی ناوخۆدا لەگەڵ ئەو هزرەدا سازاون، گەشەی هزری و كەلتووریشـــیان بە خۆوە نەدیوە كە بتوانن لەو گرفتە دەرباز بن، چونكە زەحمەتترین شـــت دەرچوونە لەو كەلتوورە، چونكە تێكەڵ بە هەڵسوكەوت و رەفتاری كۆمەڵ (جڤاك) بووە. ئەمڕۆ ترس و مشتومڕێك هەیە، كە بریتییە لە وێنە شێواوەكە لە بارەی ئیسلامەوە، رێی ئەوەشی گرتووەتە بەر، كە وێنا و بۆچوونەكانی ناخمان بهەژێنێ. جا ئایا دیداری كەلتووری و رۆشـــنگەریانە دەتوانن رووبەڕووی ئەو شـــەپۆلە ببنەوە، كە دەوڵەتان و ســـەدان كەناڵی ئاســـمانی و ریكلامی ئاراستە كراو و ئەوانەی داكۆكـــی لە كەلتـــووری نەریتی دەكەن، پشتیوانیی لێ دەكەن؟ كەواتە كامەیە رۆڵی رۆشنبیران و رووناكبیـــران، ئەدی تا چ رادەیەك سیاســـەتمەداران لێیان رازین؟ ئایا رژێمی سیاسیی نوێخواز و پێشكەوتوو هەن كە پشـــتیوانییان لێ بكەن؟ لـــە لایەكی دیكەوە وابەستەی رای گشـــتی نابێت، رژێمگەلی سیاسیش هێندە گوێـــی پێ نادەن، بەڵكوو ئـــەو رژێمانە گوێ لە رۆشـــنبیران و ئەندامانی نەریتكاری خۆیان دەگرن، ئەركی توێژەری نەریتی زەحمەتە، ئەگەر ئەستەم نەبێت، چونكە كۆمەڵگاكان بە پشتیوانیی رایەڵی سیاسی بە دەوری یەكـــدا كۆ دەبنەوە، وێـــڕای هەبوونی هەندێ رواڵەتی ئابووری یان تەكنیـــك، یاخود پەیڕەو كردنی هەندێ تەكنیكی نوێ، ئەمەیە قووڵایی ململانێیەكە. كەواتە هەموو هەوڵێكی رۆشنخوازی هێشتا لە ئارادان و جێـــی ئومێدن. هەڵبەت دەبێ لـــە چوارچێوەی ئەو ئاســـتەنگانەی جڤاكی و كەلتووری و سیاسیدا لێیان بڕوانیـــن، كە رێی بەجێ گەیاندنـــی ئەركەكەیان لێ دەگرن. ئەمە پاســـاوێك نییە بۆ واقیعی رۆشـــنبیران، بەڵكوو لە پای باس كردنی ئەستەمەكانەوەیە، بەڵام ئەو شێوانەی ئەمڕۆی رووی داوە، بە هۆی ئەو رەفتارەی لە كەلتووری ئایینییەوە داتاشـــراوە و بە چڵەپۆپە، بە جۆرێك لە دڕندایەتیش گەیشـــتووە، كـــە نە جیهان و نە ئێمەش باوەڕی پـــێ دەكەین، چونكە رەنگدانەوەی وێنەی ســـەراپای مێژووەكەیەتی، كە بریتییە لە جوان كردن و خۆ هەڵكێشان و شانازی بە خۆوە كردن، هەروەها لەو نائاگاییـــەی دەروونناس دەیخاتە روو. ئەمەیە ئەو هێدمەیەی كـــە كۆمەڵگاكانی عـــەرەب و رژێمەیلی سیاسی تێی كەوتوون.

**گوڵان:** تۆ بە ئاییندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشبینی، یان لە پاش شۆڕشـــەكانی بەهاری عەرەب چاوەڕوانی خوێن رشتنی زیاتر بین؟ ئەو ئاییندەیە چۆن دەبینی؟

**محەمەد سەبیلا:** ماوەی خوێن و دووبەرەكی رەنگە دەیان ساڵ درێژە بكێشێت، چونكە ئەو دەرهاویشتانەی باسیان دەكەین زادەی خەیاڵ نین بەڵكوو لە واقیعدا هەن، حاڵەتی خوێن رشـــتن و ململانێ بۆی هەیە دە تا بیســـت ساڵ درێژە بكێشـــێت، چونكە ئەوە بەرهەمی دیكتاتۆریەتی خۆبەخـــۆی عەرەبە. بە داخـــەوە ئامانجەكانی بەهاری عەرەب بە ئاكام نەگەیشتن، چونكە دەرهاویشتەی ناوخۆ و دەرەكی و هەرێمیی هاتە نێوییەوە و بۆڕ درا. بەهاری عەرەبیش لە لایەن ئیســـلامی توندڕەوەوە قۆرخ كرا، وەك ئیخوانی موســـلمین لە میسر، هەڵبەت میسری ئەمڕۆ توانیی خۆی رزگار بكات، بەڵام دەوڵەتانی دی كەوتنە نێـــو ئەو تەڵە و داوەوە. كەواتـــە فاكتەری دەرەكی هاتە نێوییەوە، مـــن دژی دووبارە گەلاڵە كردنەوەی جیهانی عەرەبـــم نیم لـــە روانگەیەكـــی یەكبوونخوازییەوە. ئەو روانگەیەی وابەستە بە چەندین چین و ئاراستە بوو، یان ئەوەی پێی دەگوترێ قۆناغی ناسیونالیســـتی عەرەب بە ئاســـتێك گەیشـــت كە بەڵێنی جۆرێك لە رزگاریی نەتەوەییـــدا، بەڵام گۆڕا بە رژێمگەلـــی دیكتاتۆری.

**ئیسلامی توندڕەو لە (ویلایەت)ـەوە سەرچاوەی گرتووە، كە لە سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا بۆ ئەوەی گورز لە ئیسلامی سیاسی بوەشێنێ، بۆ ئەوەی ببێتە تێگەیشتنێكی سیاسیانەی كە لەگەڵ خەسڵەتی سیستەم و بوارەكاندا بگونجێت**

**ئەو تیرۆرەی ئەمڕۆ بە ناوی ئیسلامەوە خۆی شاردووەتەوە تیرۆرێكی هەمیشەیی نییە و درێژە ناكێشێ، ئەویش بە پێی پلان و بەرنامە، مادام جۆرە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ كۆنترۆڵ كردنی رەگ و ریشەی كەلتووریانەی**

ئیدی بەهارەکە هەڵقوڵاوی ئارەزووی لاوان بوو بۆ بەدی هێنانی گۆڕان، هەروەها ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە جۆشدانی خەڵك، بەڵام گۆڕا و بوو بە پەشێوی. جا بۆیە هەر دەوڵەتە گیرۆدەی ژانی خۆیەتی، ئەمڕۆ مەغریب لە جۆرێك لە ســازان و پێکــەوە ژیانی نێوان ڕەوتگەلی ئیســلامی و نوێخوازیدا دەژی، هەڵبەت لە میســریش جۆرێك لە هەوڵدان هەیــە بۆ ڕزگارکردنی لە ڕێی ئەو وەرچەرخانەی بەدی هات. لە تونسیش ڕەنگە هەڵبژاردن هەبێت، بەڵام هێشتا مەترســیی تێدایە، ناتوانین بڵێین یەك خێزانە. یەمەنیش دەوڵەتێکە شــپرێوە، بەشــێکە لە زامی عەرەب. کەواتە هەر دەوڵەتە گێژاوی ناوخۆی لە چێوەی بەهاری عەرەبدا هەیە.

**گــوڵان:** دوایین کتێبت چییە، ئایا شــتێکی نوێت بە دەستەوەیە؟


**محەمەد ســەبیلا:** من ئێســتا خەریکی کۆ کردنەوەی وتار و توێژینەوەکانی پێشووی خۆمم، گرێژنەی بایەخ پێدانیشــم نوێخوازی و نوێکارییە، هەروەها ئاراستەی فەلســەفی و هزری و سۆســیۆلۆژیی پەیوەســت بە وردەکاری و پیادە کردنەوە. لە پاش کتێبی (سیاســەت بە سیاســەت) گەلێ نووســینم بە ناونیشانی جیاجیا هەیــە، لەوانە نوێخوازی و نوێــکاری، مافی مرۆڤ، بنەمای هزری و فەلســەفیانەی مافی مرۆڤ، جگە لەکۆمەڵێك وتار و توێژینەوە، هەموو ئەوەی نوسیویشمە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات.

**گوڵان:** ســەبارەت بە عێراق، تا ســاڵانێك دەســەڵات بە دەســتی سوننەوە بوو، لە ســاڵی ٢٠٠٣شەوە شیعە حوکمڕانیی دەکات، چۆن لە ڕەوشــی عێراق دەڕوانیت؟ پێت وایە ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ یان وەك ڕۆژهەڵات ناوەڕاســت خوێن ڕشــتنی تێدا بــەردەوام دەبێت، یان پێویســتمان بە هەندێ گۆڕان دەبێت، تۆ ڕەوشەکە چۆن لێك دەدەیتەوە؟

**محەمەد ســەبیلا:** من پێم وایــە بە پەیدا بوونی داعش ڕەوشەکە بەرەو داتەپین چوو، هەروەها پەیوەندیی ئەوە بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، هەروەها ئێران وەك کاردانەوەیەك بۆ شەڕێکی پێشوو دەستی بە سەر عێراقدا گرت، ســەرباری گەلاڵە بوونی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە لای کورد، کە ئەوان لە هەموو قۆناغەکاندا ئەشــك و زەحمەتییان کێشا، لە قۆناغی ڕژێمی سەدام، ئەوان بە دەســتی شــیعە و سوننەشەوە چەوسانەوە. من شایەدی دەدەم کە جۆرێك لە گەلاڵە بوونی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە، هەروەها ئەو دڕك و زییەی پەیوەندیی بە دراوسێکانەوە هەیە (تورکیا و ئێران)، ئەوەش نەك وەك مەراییەك، بەڵکو لەبەر بەدی نەهاتنی ئامانج.

محەمەد ســەبیلا ســاڵی ١٩٤٢ لە دارولبەیزای مەغریب هاتۆتە دنیاوە و لە سەرئاســتی جیهانی عەرەبی وەك فەیلەســوفێکی مودیرنە ناســراوە، ، بەکالۆریۆســی لە ســۆربۆن و دکتۆراکەشی لە مەغریب هێناوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٢ تا ١٩٨٠ سەرۆکی بەشــی فەلسەفەو زانستی کۆمەڵایەتی بــووە لە کۆلێژی ئادابی زانکــۆی ڕیبات، دەیان ژمارەی لە گۆڤاری مدارات و المشروع دەرچواندووە، لە دەیان گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە فکرو فەلسەفەدا بڵاوکراوەکانی بڵاوکردونەتەوەو پێنــج کتێبی بــە ناوبانگی هەن کە تەرجەمــە زۆر زمــان کراونەتــەوە لەوانــە «مخاضــات الحداثة» و «في الشرط الفلســفي المعاصر» و «الحداثة و مــا بعد الحداثة» و «الاصولية والحداثــة» تاد، کتێبە بەناوبانگەکەی لوی ئەلتۆسێری تەرجەمەی عەرەبی کردۆتەوە بە نــاوی «الفلســفة بين العلــم و الايديولوجيا»، هەروەها دەیــان کتێبی تری دانسقەی فیکریی خۆرئاوایی و جیهانیی تەرجەمــە کردۆتەوە لەوانــە (نظــام الخطاب)ی مێشێل فۆکۆو تاد..





## دکتۆر عومەر مەلا حەسەن مرۆ:

راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان و پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی رەشاد موفتی بۆ(گوڵان)

# ئەوەی لە هۆڵی پەرلەمان روودەدات حزبایەتییەو بووەتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی کوردستان

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئیدارەی شەڕێکی سەخت و دژوار لە دژی تیرۆریستان و مەرامی شاراوەی زۆر وڵاتانی دەوروبەر بکات**



**شەڕی فیکر لە دژی داعش بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە، رووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەوی و توندوتیژی ئەرکێکە تەنانەت لە ئەستۆی مامۆستایانی ئاینیشە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو دۆخی هەستیاری ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر (عومەر مەلا حەسەن حەمەد مرۆ) راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان و پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (رەشاد موفتی) ئەنجام دا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** کورد گەلێکی موسڵمانەو لەمێژوودا خاوەنی دەیان زاناو مامۆستای بەناوبانگی ئیسلامییە، کەچی ئێستاکە جۆرە تێکەڵییەك لەبیروبۆچوون و فیقهی ئیسلامی و مەزهەبی کەوتۆتە ناو کوردستان، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەمێژوودا دەیان زاناو بیرمەندو مامۆستای ئاینی لەناو میللەتی کورد هەڵکەوتووە، مزگەوت و حوجرەو شوێنی فەقێ کە لە تەواویی شارو گوندەکانی کوردستان دەبینرێت، گەواهیدەری ئەو ناوبانگیەی نەتەوەی کوردە لەناو ئیسلامدا کە رۆڵی چاکسازی و نیشتمانپەروەرانەی دیارو بەرچاویان هەبووە، ئەرکی ئاین و نیشتمانپەروەرییان لێکتر جودا نەکردۆتەوە، زۆر لەسەرکردەو شۆڕشگێڕەکانمان پەروەردەی مزگەوت و تەریقەتەکان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوون، هەر لە شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفیدو قازی محەمەدو مەلا مستەفا، تا دەیان سەرکردەو پیاوی گەورەی ئاینیی تر، کە رۆڵی باش و پیرۆزیان گێڕاوە چ بۆ ئاین و نەتەوەکەشیان، مەرجەعی خەڵك ئەو سەرکردەو پیاوە ئاینیانە بووە، لەناوخۆدا تەنیا یەك مەزهەبی شافیعی لەسەر یەك عەقیدە کە عەقیدەی ئەشعەرییە، وایکردووە بێ جیاوازی یەك دەست و یەك ڕیز بێت، تەنانەت جیاوازییەکانیش ئەگەر هەبووایە کاریگەرییان نەبوو، بەپێچەوانەی ئێستا کە هەندێ لە خەڵکی ئێمە دەچێتە دەرەوەو فەتواو بیروبۆچوونی جیاواز وەردەگرێت، پێوەندییان بەئێمەوە نییە، بێ ئەوەی گوێبدەنە ئەوەی هەموو شوێن و کاتێك فەتوای خۆی بۆ دروستە، نەك فەتوای دەرەوە کە کێشەو گرفتێکی زۆرو کاریگەریی بۆ سەر میللەتەکەمان دروست کردووە، تێکەڵبوونێکی هەمە جۆرەی فەتوای تێکەوتووە، تەنانەت هەندێ لە گوتاری ئاینی کە بەهۆی بوونی هەندێك لە بانگخوازی حزبە ئیسلامیەکانەوە دروست بووە هۆکارێکە بۆ ئەو پەرتەوازەبوونە.

*** ئایا ئەم جیاوازییەو پەرتەوازەبوونە تاچەند زیانی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و کورد گەیاندووە؟**

ـ هەندێك لەو برایانەی حزبە ئیسلامییەکان لەگەڵ هەندێك لە بانگخوازەکانیان خۆیان کردووە بە بەدیلی مامۆستایانی ئاینی و فەتوا دەدەن و شت بڵاودەکەنەوە، ئەمەش وادەکات گوتاری ئاینی یەکگرتوو نەبێت و یەك ئاڕاستە وەرنەگرێت، تەنانەت هەر حزبێکی ئیسلامی لای خۆیەوە، مەکتەبی زانایانی ئاینی هەیەو لە یەکێتیی زانایانیش بەشدارییان هەیە پەرتەوازەیەکی مامۆستایانی ئاینی لێکەوتۆتەوە، نابێت

مامۆستایانی ئاینی سەر بەهیچ حزب و گروپێك بن دادوەرو مامۆستایانی ئاینی بەتایبەتی وتاربێژەكان، ئەگەر حزبی بن لەكارو فرمانەكانیاندا ئاراستەو قسە لەحزبەكانیان وەردەگرن و جێبەجێی دەكەن، واتە دەبنە مەئمور، لەكاتێكدا مامۆستا دەبێت ئامر بێت و دژی خراپەكاری بێت و پاڵپشتی چاكسازیی بكات، تەنانەت توندوتیژی و ململانێی سیاسی و وەڵامی توند رژاوەتەوە ناو گوتاری مزگەوتەكانەوە، لەكاتێكدا مینبەری پێغەمبەر(د.خ )تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەركی مینبەر بڵاوكردنەوەی پەیامی خۆشەویستی و پێكەوەژیانە لەگەڵ بانگەوازی یەكڕیزی و ئاشتەوایی.

*** تیرۆریستانی داعش شەڕێكی نەخوازراویان بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەسەر گەلی موسڵمانی كوردستان و ئاین و ئاینزاكانی تری كوردستان داسەپاند، لەم قۆناغەدا ئەركی مامۆستایانی ئاینی چییە؟**

- لەم دۆخەدا كە باسی دەستوور و دین و علمانیەت و سەرۆكایەتی هەرێم دەكرێت، میللەتەكەمان رووبەڕووی دوژمنێكی سەرسەختی تیرۆرستی بووەتەوە، ئەم باسانە گرفتی دروست كردووە، ناتوانین بڵێین مامۆستایانی ئاینی رۆڵێكی باش و گرنگیان نەبووە، بەڵام رۆڵەكەیان لە هەوڵی فەردی دەرنەچووە، گەرچی دەبووایە مامۆستایانی ئاینی رۆڵێكی جەماعییان هەبووایە و بە یەك ئاراستە. بۆ نموونە بەئەركی سەرشانمان زانیوە كە لەسەر فیكری داعش قسە بكەین و بۆ گەنج و موسڵمانان روون بكەینەوە كە ئاینی ئیسلام ئاینی بەزەیی و نیعمەتە، بەپێچەوانەوە داعش فیتنەیە بە هەموو ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ)، جێگای داخە هەندێك لە مامۆستایانی ئاینی مزگەوتەكان، باسی خراپەكاری داعش ناكەن، هەندێك لەمامۆستای ئاینیش هەیە لەژێر گوشاری خەڵكدا باسی خراپەكاری داعش دەكەن، خەڵك هەیە داوایان لێدەكەن دوعا لەداعش بكەن و خراپەكانیان بخەنەڕوو، جێگای داخە لە كوردستان لەم دۆخە دژوارەدا مامۆستاو گوتاربێژەكان نەتوانن بەیەك ئاراستە گوتاری ئاینی خۆیان بدەن. كەباس لە دەستووری كوردستان دەكرێت ئێمە ناڵێین سەد لەسەد با دەستوورەكە ئیسلامی بێت، بەڵام خۆ دەبێت رەچاوی ئەوەش بكرێت سەد لەسەد عیلمانیەت نەبێت بەڵكو لەگەڵ میللەتی ئێمەو لەگەڵ هەموو بنەماكانی ئەخلاقی و ئاینی گەلەكەمان بگونجێت، بەگشتی مامۆستایانی ئاینی وڵات و میللەتی خۆیان خۆش دەوێت و بەرگریكردنیان لەم وڵاتە بەئەركێكی پیرۆز داناوەو پێشمەرگەیان بە موجاهید داناوەو داعشیان بەفیتنەچی و دەست درێژیكار داناوە.

*** ئایا وەزارەتی ئەوقاف و زۆر لەمامۆستایانی ئیسلام بۆچی داعشیان بەكافر دانەناوە؟**

- وەڵامەكە دەبێت لەدەقەكانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوە بگرێت و، پێم وانییە كەسێك یا گرووپ و تاقمێك كە هەڵەی كرد ئێمەی موسڵمانیش هەمان هەڵە بكەین یا وەڵامی بدەینەوە، ئەوان موجەرەد لەبەر ئەوەی تەكفیری موسڵمانانیان كردووە راستەوخۆ كافر دەبن، (من كفَّر مسلماً فقد كفر) ئێمە شایەتمانمان هێناوەو نوێژ دەكەین و بڕوامان بە ئیسلام هەیەو میللەتەكەمان خاوەنی ئیمان و عەقیدەیەو پابەندی بنەماكانی ئاینی ئیسلامەو ئەركەكانی جێبەجێ دەكات، بەرێكەوتنی زانایانی عەقیدە هەر كەسێك بڵێت(لا اله الا الله محمد رسول الله) ئەوا بەموسڵمان دادەنرێت، تا ئەو ئاستەشی كە تۆ بڵێیت ئەمە بەدڵ وا دەڵێت یا نا، بەو كەسە بووترێت كافر ئەوا خۆت كافر دەبیت، بەڵام داعش رەفتاری كافرانیان هەیە، بڕوانە پێش مێژووی ئیسلام لە شەڕو تاڵانی و كوشتن و سووتاندن هەرچی خوداو ئیسلام پێی ناخۆش بوو لەبەرامبەر یەكتر كردوویانە، ئەوەی ئێستاش داعش دەیكات هەمان شتە، تەنانەت كەسێك كافر بێت بۆت نییە تەعەدای لێ بكەیت لەسەر كوفر، چونكە ئەمە پێوەندییەكە لەگەڵ خۆی و خوای خۆی تۆڵەو لێپرسینەوەی خوا لەرۆژی قیامەتدایە (إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ (٢٥) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ (٢٦).) (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)گرنگ ئەوەیە نایەتە سەر ماڵمان و تەعەدامان لێ نەكات: (لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) ئینجا كافر بێت و جوولەكەو مەسیحی و ئێزیدی بێت مادام لەگەڵ تۆ بە ئاشتی بژی و وەكو تۆ هاووڵاتی بێت، پێویستە لەگەڵیدا باش بیت و دەستدرێژی نەكەیتە سەری بەڵكو پێویستە لەگەڵیان چاك بی، ئەوەی داعش دەیكات هەمان شێوازو رەفتاری كافرەكان و خەوارجەكانە، كە سێ ئەسحابەی پێغەمبەریان شەهید كرد، بەحەزرەتی عەلی یەوە كاتێكیش بەعەلییان وت ئایا خەوارجەكان كافرن وتی (اخواننا بغوا علينا) دەمانەوێت هەمان ئەخلاق لەگەڵیاندا بەكاربهێنین بەڵكو بەهۆش خۆیان بێنەوە، چونكە ئێمەیان كافر كردووە بەوە دەبنە كافر. وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی مامۆستایانی هانداوە بەئەركی نیشتمانی و ئاینی خۆیان هەڵسن لەم قۆناغەدا كە ئێمە پێویستیمان

**ململانێی سیاسی و وەڵامی توند رژاوەتەوە ناو گوتاری مزگەوتەكانەوە، لەكاتێكدا مینبەری پێغەمبەر(د.خ ) تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەركی مینبەر بڵاوكردنەوەی پەیامی خۆشەویستی و پێكەوەژیانە لەگەڵ بانگەوازی یەكریزی و ئاشتەوایی**

**ئەوەی داعش دەیكات هەمان شێوازو رەفتاری كافرەكان و خەوارجەكانە، كە سێ ئەسحابەی پێغەمبەریان شەهید كرد، بەحەزرەتی عەلی یەوە**

بەیەکڕیزی و ئاشتەوایی هەیە، لەبەرامبەردا مامۆستا هەیە بەئەرکی ئاینی و نیشـــتمانی خۆی هەڵنەســاوە لە وتار لایانداوە، دەکرا مامۆســتایانی ئاینی ئیسلام ڕۆڵێکی باشتریان بگێڕایەو سەردانی بەرەکانی شەڕیان بکردایە بە بەردەوامی.

*** زۆر لە قۆناغەکانـــی تێپەڕبوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، نەتەوەی عەرەب و تورك و فارس بەپێی ویست و خواســت و بەرژەوەندیی نەتەوەییان دەسکاری فیقهی ئیسلامی و فەرمودەی پێغەمبەریش(د.خ)یان کردووە، کلتوری خۆیـــان تێکەڵی فیقهی ئیســلامی کردووە، بەو پێیەی کوردســـتان هەموو پێکهاتەو نەتەوەو ئاین و ئاینزاکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە، ئایا ئەم دەسکاریکردنە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیســلام و لایەنی نەتەوەیمان چۆن گەڕاوەتەوە؟**

- تەنیا میللەتـــی کوردە ئاینی پیرۆزی ئیســـلامی وەرگرتـــووەو بەپاکـــی و بێگەردی پارێـــزگاری لێ کردووەو بۆ مـــەرام و مەبەســـتی بەرژەوەندیی خۆی بەکاری نەهێناوە، بەپێچەوانـــەی ئەو میللەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە، هەر هەموویان ئاینی پیرۆزی ئیســـلامیان دژ بەنەتەوەی کورد بەکارهێناوە. لـــە ئیســـلامدا کۆمەڵێك پرەنســـیب و بنەما هەیە کە هەندێکیان جێگیرن و دەســـکاری ناکرێن وەکو نوێژەکان و حـــەج و ڕۆژوگرتـــن و حەرامکردنـــی کوشـــتن و گوناهە گـــەورەکان و حەرامکردنی خواردنەوەی مەی و چەندیـــن بابەتی تر بـــەڵام زۆر بابەتی تر هەیە کە جێگیر نییـــەو دەکرێت دووبارە چاوخشـــاندنەوەی پێدا بکرێت، خۆزگە زانایان و مامۆستایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەکوردســـتاندا لەڕێگای کۆنگرەو کۆنفرانس و وۆرك شۆپەوە گفتوگۆیان ســـەبارەت بەچاوخشاندنەوە بە ســـەرجەم بابەتە فیقهیـــەکان بکردایە، لەبەر ئەوەی فیقهی ئیســـلامی بەرهەمی فکری زانایانی پێشووەو بەرهەمـــی دەرئەنجامی قۆناغەکانـــی رابردووە، بەڵام قورئان شـــەریعەتە، هەربۆیە پێویستە جیاوازی لەنێوان شـــەریعەت و فیقهی ئیســـلامی بکرێـــت، ئایا ئەو هەموو مەزاهیبە بۆچی دروســـت بـــووە؟ ئێمە ئەمڕۆ لەقۆناغێکی دیکەین، هەموو شـــتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. هەر لەبەر جیاوازی فیکرو کات و شوێن و پێویستیەکانی سەردەمی خۆی هەر میللەتەو بەپێی بەرژەوەندیی خۆی کار لەسەر بابەتە فیقهیەکان دەکات، دەکرێت کوردیش بەهەمان شێوە زانایان و مامۆستایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی چاوخشاندنەوە بەزۆر بابەتی فیقهی ئیســـلامی لەروانگەی شـــەریعەتەوە بکەن و بگونجێت لەگەڵ مەبەســـتەکانی شەریعە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی لەدژی مەبەست و بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردســـتانە وەك ئەوەی ئێمە دروســـت نەبێ داوای فیدراڵـــی و دەوڵەت بکەین، لەکاتێکدا بۆخۆیان بە ڕەوای ببینن و بۆ ئێمە ناڕەواو گوناهە.

*** ســـەرۆك بارزانـــی کۆشـــکی ســـەرۆکایەتی و دەســـەڵاتەکانی بەجێهێشت، لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشـــمەرگە وەســـتایەوە، ئایا دەبێت مامۆســـتایان و زانایانی ئیســـلامی چۆن ئەم هەڵوێســـتەی سەرۆك هەڵبسەنگێنن؟**

- هەر میللەتێك ئەگەر سەرکردەیەکی بەهێزو بەتوانای نەبێت، کاروباری دنیـــای بۆ بەڕێوەناچێت، ئیبن قەیم دەگێڕێتەوە لە ئیمامی ئەحمەدی کە پرسیاری لێکراوە: دوو کەس هەیە دەمانەوێت یەکێکیان بکەین بە ئەمیری خۆمـــان، یەکێکیان زۆر بەئیمـــان و بەتەقوایە لەگەڵ خودا بەڵام دەسەڵاتی کەمەو کارا نییە، ئەوی تریان ئەو تەقوایەی تێدا نییە، بەڵام بەتواناو بەدەسەڵات و حەکیم و زانایە؛ لەوەڵامدا پێی وتن دووەمیان هەڵبژێرن، چونکە هەردووکیان تەقواکەیان لەنێوان خۆیان و خوای خۆیاندایە، بەڵام بەدەســـەڵات و زاناکە، بۆ خزمەتی موسڵمانانە، چونکە کەســـە بێ دەســـەڵاتەکە بەخراپی دەگەڕێتەوە ســـەر ئومەتەکە ئەوی تریان حیکمەت و دەسەڵاتەکەی ســـوودی بۆتان دەبێت. لەم بۆچوونەوە دەتوانین بڵێین: ئەمڕۆ لەکوردستان کەسێك نییە بەتوانای کاك مسعود بارزانی کە ئیدارەی ئەو بارودۆخ و شـــەڕو ئەو هەموو ململانێ و پیلان و هێرشـــانە ببێتەوە، کە راســـتەوخۆ و ناراســـتەوخۆ دەکرێتە ســـەر نەتەوەکەمان. سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ئیدارەی شەڕێکی دژوار لە دژی تیرۆریستان و مەرامی شاراوەی زۆر وڵاتانی دەوروبەر بکات، دیبلۆماسیەتێکی حەکیمانەشی هەبووەو دەرئەنجامەکـــەی ئـــەو هەموو هاوکارییە ســـەربازی و مەدەنیانەیە، کە هێزەکانی هاوپەیمانان پێشکەشـــی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستانیان کردووە. بەڵام دەبێت ئاوڕێـــك لەناوخۆی وڵاتیش بدەینـــەوە، تاوەکو بەرەی پێشـــەوەو ناوخۆ بەهاوشانی یەکتر بەرەو پێشەوە ببرێت، هەرچۆن لەبەرەکانی شـــەڕ سەرکەوتوو بووین، بەرەی دواوەش بەهەمانشـــێوە بەهێز بکەین، گەندەڵی و لاوازی لەناوخۆدا وایکردووە لاواز دەربکەوین، پێویستە جەنابی سەرۆك چەند سەرکەوتووە لەبەڕێوەبردنی شەڕو دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتی، هەروا سەرکەوتووش بێت لەئاوڕدانەوە لەبەرەی ناوخۆدا، ناکرێت پێشـــمەرگە لە ســـەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ خۆی گیانفیداو شەهید بکات کەسانێکیش لەناوخۆدا خەنجەر لەپشتەوەمان بدەن و گەندەڵکاربن.

**ئەمڕۆ لەکوردستان کەسێک نییە بەتوانای کاک مسعود بارزانی کە ئیدارەی ئەو بارودۆخ و شەڕو ئەو هەموو ململانێ و پیلان و هێرشانە ببێتەوە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکرێتە سەر نەتەوەکەمان**

**جێگای داخە پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان حزبایەتی بەسەریاندا زاڵە، پێویستە ئەوان ناوبژیکارو ڕۆڵی ئیجابی ببینن، کەچی خۆیان بوونەتە حزبایەتی و فراکسیۆنەکان بەقسەی حزبەکانیان شەڕە حزبایەتی دەکەن**

*** لەکوردستان و هەولێر بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆری مزگەوت هەیە، زۆربەیان لەیەکترەوە نزیکن، گوتاری ئاینی و گوتاری هەینی تێیاندا پێشکەش دەکرێن، ئایا ئەمە بە یاساو ڕێنمایی ڕێك خراوە؟**

- لەرووی شەرعەوە دەبێت لەمزگەوتێکدا خەڵکی جێگایان نەبێتەوە، ئەوجا مزگەوتێکی تر لەشوێنێکی تر دروست بکرێت، پێشتر لەدانانی مزگەوت ڕەچاوی لایەنی جوگرافیای گەڕەکەکان نەکراوە، بە ڕادەیەك وتاری مامۆستای مزگەوتێك لەگەڵ مزگەوتێکی تر تێکەڵ بەیەکتر دەبوو. سەبارەت بەگوتارەکانی هەینی و ئاینیش وەکو هەر پسپۆرییەکی تر پێویستە کەسەکە شارەزایی تەواوی لە زانیاری و زانستی ئیسلامی و پرەنسیبی گوتار و سوننەتەکانی گوتارو خوێندنەوەی گوتار هەبێت، گوتاری ئەمڕۆو بارودۆخ لەگەڵ پێشوو زۆر جیاوازە، وەزارەتەکانی ئەوقاف ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە کە هەموو گوتاربێژەکانی بەتوانا بن، یا هەڵگری بڕوانامە بن نەتوانراوە ئەمە بکرێت، بۆیە خەتیبەکان پێویستیان بەخولی بەردەوام هەیە.

*** هەرێمی کوردستان لەقۆناغێکی زۆر هەستیاردایە، ئەرکی سەرشانی هەموو پێکهاتەو پارتە سیاسییەکانە ئەو یەك ڕیزی و تەباییە بپارێزن کە هەوێنی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستانە؟**

ـ ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێدەکات یەکڕیز بین (واعتصموا)، ئەگەر کێشەو ناکۆکی کەوتە نێوانتان هێزو تواناتان نامێنێت، ئەمەی ئەمڕۆ ڕوودەدات جێگای نیگەرانی خەڵکی ئێمەیە، ڕۆژانە خەڵکی پێمان دەڵێت لەمینبەری پێغەمبەرەوە لەوتارەکانمدا باسی بکەم کە لەم بارودۆخە ئەرکێکی ئاینی و ئەخلاقیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیە، بەهەمووان ڕووبەڕووی دوژمنان و ناحەزان ببینەوە، سەرکردەکان و جەنابی مسعود بارزانی و پێشمەرگەو شەهیدەکانمان، لەپێناو ئەم ڕۆژەدا قوربانییان داوە، لەسایەی ئەواندا توانیومانە دەنگی خۆمان بگەیەنینە دەرەوە، جێگای داخە پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان حزبایەتی بەسەریاندا زاڵە، پێویستە ئەوان ناوبژیکارو ڕۆڵی ئیجابی ببینن، کەچی خۆیان بوونەتە حزبایەتی و فراکسیۆنەکان بەقسەی حزبەکانیان شەڕە حزبایەتی دەکەن، ئەوەی لەپەرلەمان ڕوودەدات، بووەتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکی کوردستان، تێبینیم لەسەر هەردوو حزبە ئیسلامیەکەی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی ناو پەرلەمانیش هەیە، بەداخەوە سیفەتێکی چاکسازییان پێوە دیار نییە، ئەبوایە ئەوان وەکو قورئان دەفەرموویێت(وأصلحوا ذات بینکم) ئەوان باش دەزانن ئەو ململانێ و ناکۆکییە مێژووییەی ئەمڕۆ کەوتۆتە ناو پەرلەمان نابەجێیە، ئەوانیش بوونەتە بەشێك لەو ململانێیەو بۆ خەست کردنەوەی کێشەو ململانێکان چوونەتە لایەکەوە،پێویستە ئەوان سوڵح بکەن لەبەر ئەم هۆیانە، ناوی ئیسلامیان هەڵگرتووە، خوای گەورە فەرمویەتی (وان طائفتان من المؤمنین اقتتلوا فاصلحوا بینهما ) دەبێ نێوانگیری بکەن نەوەك بچنە پاڵ لایەنێك.

*** لەناوچەکەو عێراقدا شەڕێکی مەزهەبی و تائیفی توند هەیە، کورد چی بکات تاوەکو نەبێتە بەشێك لەو ململانێ تائیفییەی ناوچەکەو خۆی دوور بگرێت لەچوونە ژێر باڵی بەرەی سوننەو شیعە؟**

- زۆربەی هەرە زۆری کورد ئەهلی سوننەیەو لەسەر مەزهەبی شافیعییە، هەربۆیە پێشتریش ئەو ململانێ خوێناوییە کەمتر هاتۆتە ناو کوردستان، لەبەرژەوەندیی کورددایە دەست بگرێت بەئامانج و مافەکانی خۆیی و دوور بکەوێتەوە لەو شەڕە تائیفییە، جێگای داخیشە لەناو حزبە کوردستانییەکان کەسانێك هەیە هەستی مەزهەبی و بەرژەوەندی شەخسی خۆی وادەخوازێت بەسەر هەستی نەتەوەییدا زاڵتر بێت، هەربۆیە ئومێدەوارم ئەوان مافی نەتەوەی کورد نەخەنە ژێر ئەو فشارە ئیقلیمی و تائیفییە، کاتێك میللەتی کورد زوڵمی لێکراوە لەبەر ئەوە لێی نەکراوە کە ئاینی نییە یا مەزهەبی نەبووە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نەتەوەیەك بووە خاوەنی خاك و بنەما نەتەوەییەکانی بووە، هەربۆیە کێشەی ئێمە نەتەوەییە نەك مەزهەبی.

*** ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێش ئەوەی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان بێن، ئەو جیاوازی و حزبایەتیەی تێدا نەکراوە ئایا ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی بەوە هەیە حزبایەتی پێوە بکرێت ئایا ئەمە چ زیانێ بەبەها پیرۆزەکانی ئیسلام دەگەیەنێت؟**

- کاتێك ئاین حزبایەتی پێوە کرا، زیان بەبەهای ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنرێت، سیاسەت گۆڕانکاری تێدا دەکرێت و ڕەچاوی بەرژەوەندییەکان دەکرێت، بەڵام ئاین نەگۆڕیی هەیە راستە موتەغەیراتیشی هەیە، بەڵام ئاین چوارچێوەی خۆی هەیە، جودایە لەو سیاسەتە گۆڕاوەی کە بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی تایبەتی بەکار دەهێنرێت. رام لەگەڵ زۆر لە بیرمەندو زانایان و مامۆستایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، پێویست ناکات ئاین سیاسەتی تێدا بکرێت، زۆر جەخت لەوە بکەینەوە ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کە لە کوردستان هەیە ئەرکی هەمووانە، دۆخەکە بپارێزین، کاتی خۆی حەزرەتی ئیبراهیم یەکەم شت داوای لە خودای گەورە کرد ئارامی و ئەمانی بداتێ لەگەڵ ڕزق و ڕۆزی، خوای گەورە فەرمووی نەخێر ئیبراهیم، لە دنیادا بە ئێوەشی دەدەم و بەکافرەکانیش.

**کاتێک میللەتی کورد زوڵمی لێکراوە لەبەر ئەوە لێی نەکراوە کە ئاینی نییە یا مەزهەبی نەبووە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نەتەوەیەک بووە خاوەنی خاک و بنەما نەتەوەییەکانی بووە، هەربۆیە کێشەی ئێمە نەتەوەییە نەک مەزهەبی**

**رام لەگەڵ زۆر لە بیرمەندو زانایان و مامۆستایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، پێویست ناکات ئاین سیاسەتی تێدا بکرێت، زۆر جەخت لەوە بکەینەوە ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی کە لە کوردستان هەیە ئەرکی هەمووانە، دۆخەکە بپارێزین**